# پێنجوێن شارێك
# لە زێر




ئامادەکردن و نوسینی
ئەمیر سۆفی جمال - پێنجوێنی


CamScanner

ناوی کتێب :- پێنجوێن شارێک لەزێر

پێشەکی وپێداچونەوەی :- عزیزبلکیانی

ئامادەکردن ونوسینی:- ئەمیر سۆفی جمال - پێنجوێنی

تایب:- دیار سۆفی جمال

هەڵەچنی تایب:- دیاکۆ عزیزعلی

ئامارو IT:- بختیار صدیق سعید

دیزاینی بەرگ:- دیاری اسماعیل

چاپخانەی:- بینایی


لەبەڕێوەبرایەتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (١٤٢٩ )ی

ساڵی ٢٠١٦ پێدراوە

ئەم کتێبە تەنها دەبەخشرێت نافرۆشرێت


**نەخشەی ژمارە ( ١ )**

**قەزای پێنجوێن**




سەرچاوەی نەخشە : حکومەتی هەرێمی کوردستان /وەزارەتی پلان دانان / بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی ،زانیاری بڵاونەکراوە، 2014

## نەخشەی پێنجوێن



وێنەی پێنجوێن

پێشەکی.....

...پێنجوێن ئەو ئامێزە پڕمیهرەی کە لەمێژووی گەردوندا هەمیشە لانکەی پەروەردەکردنی مرۆڤی چاپوک وبە ئەمەک بووە، لەگەڵ سەختی چیاکانی و دڵ ڕەقی تاوێرەکانی لەناو لەپی دەستی دا پارچە زەویەکی بەپیتی بۆنەوەکانی درووست کردووە ،کە هەمیشە هێمای بەرهەم هێنان وبوژانەوەو بەرخودان بووە ، بەدرێژایی مێژوو لە ڕیزی پێشەوەی قوربانی داندا بینراوە ، لەخەلات و دەستکەوتیشدا لەدوا شوانی قافلەوە دەرکەوتووە ، جێگەی داخە کە بەشی هەرەزۆری مێژووی دێرینی ئەم ناوچەیە نادیارەو تائیستە بەدواداچوونی قوڵی بۆنەکراوە، بەلام دەکرێت لەمێژووی نوێ دا ئەوەی لەسەرزاری بەتەمەنەکانەوە ئەو پریاسکەی کەلای مێژوو نوسانە کۆبکرێتەوە ،قەشەنگتر ئەوەیە کەلەلایەن نەوەی نوێ هەوڵی تۆمارکردنی سات بەساتی ڕووداوەکان و هەنگاوەکانی بەرەو

پێش چوونی ئەم ناوچەیە بدرێت تالەداهاتوودا بێتە چەپکێک زانیاری بۆ شارەزا بوونی هەموو لایەک لەدرەوشانەوەی پێنجوێن ، ئەم هەوڵەی کاکە (ئەمیر سۆفی جمال) یەکێکە لەو سواڵە پڕ زانیارانەی کە لەداهاتوودا جێگەی خۆی لەخەرمانی زانیاریەکانی تایبەت بەم ناوچەیە جوانتر دەکات ، بەهیوای بەردەوامی وبەرهەمی باشتر .

عزیز بلکیانی

پێنجوێن

شاخەکانت پڕلە کانزاو پڕگەوهەرن
دەشتەکانت هەوێنی هەزاران درەختی پڕبەرن
کانیەکانت بەوێنەی ناوی
شیرینی بەهەشتن وەک کەو سەرن

پێنجوێن

خاوەنی سەدان باخی رازاوە
کەش وهەواکەت خاوەنی سازگارترین ناوە
شاری شاران خاوەن مێژوو
ئەی شارەشیرینەکەی ئێستاو پێشوو

پێنجوێن

لەپاریزدا لەگەڵ ئالتون شەڕدەکەی
لەهاویندا دەرونی گەرم تەڕدەکەی
لەبەهاردا تۆسمبولی بۆجوانی
لەزستاندا تۆسپیترین کۆتری جیهانی

## وەسفێک بۆ پێنجوێن

پێنجوێن مانای چیا گەلێکی بەرزوسەرکەش
پێنجوێن مانای ئاوێکی سازگاری بێ غەش
پێنجوێن مانای بەهارێکی سەوزو
دلگیرهاوینێکی فێنک وزستانێکی سپی دلفڕێن
پایزێکی زەردی مانادار پێنجوێن ئەو شارەی هەر
بستەخاکێکی وشەیەکە هەر چیایەکی داستانێکە
هەرکانیەکی سەر گوزشتەیەکە هەر مزگەوتێکی
وانەیەکە هەر دەشتێکی بەرهەمێکە هەر
ڕێگەیەکی بەسەر هاتێکە پێنجوێن هەر درەختێکی
مێژوویەکە پێنجوێن سەرەڕای ئەو
هەموونەهامەتیانەی بەدرێژایی مێژوو هاتۆتە ڕێی
بەلام پاش هەر کەوتنێکی هەستانەوەیەکی
بەهێزبووە پێنجوێن شارێک بووە لەخەم لەسەر

دەستی ڕۆم وعەجەم عوسمانی بەعس چەندین
جار وێران کرا پێنجوێن خاوەنی سەدان شەهید
پێنجوێن شارێک لەکەڵەپیاوانی ناومێژووشاری
موفتی و مەلاعبدالرحمانی گەورە پێنجوێن
خاوەن پێنج وێنەی ڕەنگاوڕەنگ پێنجوێن خاوەن
سروشتێکی جوان ودیمەنێکی دڵڕفێن خەیاڵ ڕفێن
پێنجوێن شارێکی ئارام شارێک پڕ لە داستانی
ڕۆشنبیری پێنجوێن شاری هەموو ئاینەکان شاری
پێکەوە ژیان شارێکی پڕداهات بۆ کوردستان
پێنجوێن شارێکی ئارام بۆ دەردەداران لەبەهاردا
لوتکەی چیاکانی لەتابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگ و
ناوازە دەچێت پێنجوێن شارێک خاوەنی سەرجەم
وەرزە بێ هاوتاکان هەروشەیەک هەر ڕستەیەک

هەرباسێک هەرداستانێک کەمەبۆ ستایشی ئەم شارە.

## ووتەیەکی گرنگ

بەڕێزان هەربابەتێک هەرباسێک لەسەر ئەم کوردستانە گرنگە، باسی هەرشارێکی کوردستان یان شارۆچکەیەکی کوردستان گرنگە، بۆئێستا ، چونکە ئێستای ناوچەکەدەردەخات بۆ داهاتوش دەبێتە مێژوو، بۆیە ئێستا باسی شارەکەمان بکەین باشترە نەک لەداهاتودا وەک مێژوو بیگێڕنەوە، ئێستا زیندووەو ڕابردوو لەسەرجەم شتەکانی گومانناوین، ئەگەر ئێمە چاوەڕێی یەکتر بکەین یان چاوەڕێی کەسانی تربین شارەکەمان بناسێنێت ئەوا بێ ئومێد دەبین ،تەنانەت ئەگەربتەوێت خزمەتی ولاتەکەت یان شارەکەت بکەیت ئەوە ئەمڕۆش درەنگە چونکە (دوێنێت لەدەست دەرچووە) دەست خۆشی بۆ ئەوەی بەهەرشتێک لەدەستی بێت، خزمەتی وولاتەکەی دەکات وەهیچ مرۆڤێک بێ دەسەلات نیە بۆخزمەت کردن ئەگەر بیەوێت، ئێمە ناکرێت لەداخی بەرپرسەکان دژی نیشتمان بین

دەبێت لەداخی بەرپرسە گەندەڵەکان دڵسۆزی نیشتمان بین، وەدەبێت بەبەرپرسەکان بڵێین ئەگەرخیانەت لەکوردستان بکەن ئەوەلەداهاتودا سزاتان دەدات گەلیش پشتان تێ دەکات ،وە ئەو سامانەی بە نایاسایی کۆتان کردۆتەوە بەبادەڕوات، وەدەبێت مێژوو بۆ ئێمەی کورد ببێتە وانەیەکی پێگەیەنەرو وەهەوڵ بدەین هەمیشە هەڵەکانی ڕابردوو بکەینە وانەیەک بۆ ئێستاو ڕاستیان بکەینەوە

من دەمەوێت ئامانجی نوسینی ئەم کتیبە بخەمە ڕوو

- یەکەم ئامانجم دەرخستنی گرنگی پێنجوێنە بۆ دانیشتوانەکەی ودواتر ناساندنی بەو کەسانەی لەدەرەوەی ئەم شارەوە سەردانی دەکەن وە بۆ بەرپرسانی ڕوون بکەمەوە کە ناوچەکەی ئێمە گرنگە لەو ڕووانەی کە دەیان خەینە ڕوو

- دووەم هیوادارم ئەم نوسینانەی من ببێتە هۆی ئەوەی کە بەرپرسێک یان هەر هاوولایەکی ئاسایی ئەم شارە خزمەتێک بکات بەپێنجوێن و وەچەندین کەس لە بێکاری ڕزگار بکات، وەببێتە هۆی پاداشتی ڕۆژی دوایی بۆ ئیمە وئەو کەسانەشی کە کاری باش دەکەن وقسەی جوان وشتانی بەسودو کاری چاکە بلاودەکەنەوە،وەهەر کەسێکیش بەتەنها ووشەیەک بەشداربووە لەم کتێبە ،

وەمن شانازی دەکەم

کوردستان نیشتمانمە، پێنجوێن شارەکەمە

## (پێنجوێن لەڕابردوودا)

پێنجوێن (٢٣٠٠)ساڵ لەمەوبەر ناوی چۆتە ناو تۆمارە یۆنانیەکانەوە لەساڵی (١٩٠٠) ز بۆ ساڵی (١٩١٨)ز گوندێکی سەر بەناحیەی قزڵجەو سەربە قەزای گوڵ عەنبەرو لیوای سلێمانی بووە لە ساڵی (١٩٢٢)ز ناحیەی قزڵجە دەگوازرێتەوە بۆ پێنجوێن ودەکرێتە ناحیە ئەمەش لەبەر ئەوەی سیمای شارستانیەتی پێوەدیاربووە وە پێنجوێن لەساڵی (١٩٥٩)ز دەکرێتە قەزا سەرجەم دامودەزگا دیاردەشارستانیەکانی ئەو کاتەی تیادا بووە ، وە لە ڕابردوودا (دوکان وبازاڕوحمام و چیشتخانە) هتد ... بونی هەبووە لەم شارەدا ،لە ساڵی (١٩٤٦)ز بومەلەرزیەک لەم شارە ڕوودەدات و دەبێتە هۆی ئاوارەبوونی خەڵکەکەی وە ئینگلیز لەو کاتەدا هاوکاری دەگەیەنێتە ناوچەکە ، پێنجوێن چەندین جار ڕووبەڕوی کاولکاری وسوتان بۆتەوە لەوانە ساڵی

(١٩٦٢) لەسەر دەستی ڕژێمی بەعس سوتاوەو کاولکراوە ، خەڵکەکەی بۆ جارێکی تر ئاوارە بوون لەدوای بومەلەرزە بەهێزەکە، لە ساڵی (١٩٧٥) لەدوای ڕێکەوتنامەی جەزائیر جارێکی تر خەڵکی ستەم دیدەی ناوچەکە ڕووبەڕووی هەمان کارەسات بونەوە ، جگە لە مانە خەڵکی پێنجوێن نەبەردانە چەندین ڕاپەڕین وشۆڕشیان کردووە دژی ئەو ستەمانەی لێیان کراوە وە لەدوای شەهید کردنی (دەروێش مجید ،عبداللە شوان) گاوانی پێنجوێن لە (١٩/٧/ ١٩٨٠) ڕاپەڕینێکی گەورەی جەماوەری ڕوویدا وخەڵکی ناوچەکە هەڵیان کوتایە سەر دەمودەزگاکانی حکومەت و زەبرێکی بەهێزیان لەڕژێم دا ،وە لەساڵی (١٩٨٣) خەڵکی پێنجوێن چەندین ڕاپەڕینی تریان ئەنجام دا ، هەر بەم هۆیەشەوە ئاوارەی ئۆردوگاکانی (نەسر وباریکە و شانەدەری ) هتد.. بوون وە لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) جارێکی تر خەڵکی ناوچەکە

گەڕانەوەو ئاوەدانیان کردەوە کە ئەمەش نەبووە هۆی گەڕانەوەی سەرجەم خەڵکەکەی بەهۆی ئەوەی زۆرێکیان لەشاری سلێمانی جێگیربون بەمەش ئەو کاریگەریەی کە ڕژێم جێی هێشت لەسەر پێنجوێن تائیستاش بەردەوامە .

---

سود لە کتێبی (مێژووی پێنجوێن وناوچەکە) لەنوسینی (عبدالرحمان لالۆ) وەرگیراوە لەم بابەتەدا

## کورتەیەک لەسەر پێنجوێن

### زاراوەی پێنجوێن:

ناوی پێنجوێن بۆتە جێی باس لەنێوان ئەوکەسانەی کە شارەزان لەمێژوو کەچەندین ڕای جیاوازهەیە لەبارەی زاراوەی پێنجوێن منیش لێرەدا چەند ڕایەک لەوڕایانە دەخەمەڕوو وە هەڵبەت من زیاتر ئەوڕایانە دەخەمەڕوو کەلای من جێی باوەڕن لەبارەی زاراوەی پێنجوێن ،

- مامۆستا شیخ محمدی خاڵ لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم وتویەتی پێنجوێن چوارسەدوپەنجا بۆ پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر دروست بووە ئەوانەی ئاوەدانیاز کردۆتەوە یان(٥) برا بوون یان (٥) کەس بوون لەبەرئەوە ئاژەڵداربوون هەریەکەیان لەبناری چیایەکداو بەرامبەر بەیەک خانوویان دروست کردووە لەبەرئەوەی

بەماڵ یان وتووە (وێن) واتە پێنج ماڵ دواتر زاراوەی پێنجوێن سەری هەڵداوە

- وەمەلا عبدالکریمی مودەریس نوسیویەتی پێنجوێن لەبنەڕەتدا(٥)پێنج دێ بووە چونکە بەلای ژورووی شارەکەوە چەند جۆگەیەکی ئاولێدراوە بۆئەو باخ وبێستانانەی لەخوار پێنجوێن و لەپاشان ئەو جێگە ئاوەدان کراوەتەوە ئەو گوندانەش ئەمانە بوون (قەلادێ، قورەدەشە ، ئالیاوا، بلکیان، دێ کۆن)
- مامۆستا محمد امین زەکی بەگ ناوی پێنجوێن وەها لێک دەداتەوە کەپێنجوێن لەکاتی هەتاوکەوتندا پێنج وێنەی تێدا بەدی دەکرێت
- وەمامۆستا حوزنی موکریانیش هەمان ڕای هەبووە
- وەڕایەکی تریش هەیە کەدەڵێت پێنجوێن (٥) جۆر ئاوە دانیان کردۆتەوە

- ڕای جیاوازی زۆرهەیە لەبارەی پێنجوێنەوە بەڵام من چەند ڕایایەکم خستۆتەڕوو، وەبەبۆچوونی من ڕاسترینیان ئەوڕایانەی (مەلاعبدلکریمی مودەریس وشێخ محمدی خاڵە ) چونکە ئەوڕایانە زۆرتر لەگەڵ واقیعی ناوچەکەدا دەگونجێن .

---

بۆ زاراوەی پێنجوێن سود لە کتێبی (ناوچەی پێنجوێن لەناوێنەی ڕۆژگاردا) وەرگیراوە

ناوچەی پێنجوێن:-

بۆتیشک خستنەسەر چەمکێک لە مێژووی پێنجوێن لێرەدا ئێمەتیلایی چاوێک دەخەینەسەرلا پەڕەیەکی نوێی مێژووی پێنجوێن لەئیستادا بۆیە دەتوانین بلێین:-

قەزای پێنجوێن زیاتر لە (٩٥) کم دورە لەپارێزگای سلێمانیەوە سنوری ئەم ناوچە لەخۆرهەلاتەوە ناوچەی مەریوانە لەخۆرئاوایشەوە ناوچەی شارباژێری سەربەپارێزگای سلێمانیە لەباکورەوە سەرشیوی شەقزو شاری بانەیە لەباشوریشەوە شارەزورە ، ڕووبەری قەزای پێنجوێن نزیکەی (١٠٦٥٧٤) کم چوارگۆشەیە، وەپێنجوێن بەپێی سەرژمێری سالی (٢٠٠٩) ی فەرمانگەی ئاماری پێنجوێن ناوەندی قەزا کەنزیکەی (٤١٤٨) بینای تێدایە وە بەپێی هەمان ئامار (١١) گەڕەکی تێدایە وەسالی(٢٠١٥) هیچ سەر ژمێرێک لەبەردەستانیەوە ژمارەی دانیشتوانی ناوەندی پێنجوێن بەپێی هەمان سەر

ژمێری سالی (٢٠٠٩) نزیکەی (٢٣٥٠٦) کەسە وە بەپێی پێشبینیەکانی فەرمانگەی ئامار بۆسالی (٢٠١٥) (٢٨٠٦٧) کە سە پێشبینی دەکرێت ئەوژمارەیە تاسالی (٢٠٢٠) بگاتە (٣٢٥٣٨) کەس وەکۆی گشتی دانیشتوانی قەزای پێنجوێن بەهەردوو ناحیەکانی و گوندەکانیەوە لەسالی (٢٠٠٩) دا نزیکەی (٣٨٢٥٢) کەس بووە وەبەپێی پێشبینیەکان لەسالی (٢٠١٥) دا ژمارەی گشتی دانیشتوان (٤٥٦٧٥) کەسە وەئەو ژمارەیە بەپێی هەمان پێشبینی لەسالی (٢٠٢٠) دەگاتە(٥٢٩٥٠) کەس قەزای پێنجوێن بە هەردوو ناحیەی گەرمک ونالپاریزەوە خاوەنی (٢٠٠) گوندە کەپێم باشەناوی گوندەکان سەرجەمیان بخەمەڕوو:-

(بلکیان،ڕاوگان،نزارە،کواوای تازە،کواوای کۆن،بویان،احمدکلوان، قۆخی مامینە،کانی چاوڕەش،کانی ماسیان، کانی بی ،کانی مانگ، دەربەند ،هەلالاوا ،مەسۆ

،کێلو ،ئالیاوا ، دەرەگورگان ، کونەورچ ، کانی میرانی بابە علی، وریاوا ،کانی شابان ، کانی میرانی کۆماری ،هۆمەرە سێنان ، بانی خێلان ، سالیاوای تازە ، سالیاوای کۆن ، ابرایم ئاوا ، میرمام ،ئاوای حاجی شیر، قزلجە ، دەرەوارە ، زەهۆر ، سەردەرە ، کانی سیف ، کرمانج ، کۆشکەوە ، خونیانەی تازە ، خونیانەی کۆن ، بناویان ، هەرگێنە ، بناوە سوتە ، ناوکەلان ، سەرنەوان )

ئەم گوندانە سەرجەمیان سەربەناوەندی پێنجوێن و ژمارەیان (٤٤) گوندە (٩) گوندیان چۆلکراوەوە.

(قۆقژان،نەرزەنە، برالە ، سەربرالە ، میراوە ، باراوەی کۆن ، سیاگوێز ، تەرەتولوو ، خاڵ خەنان ، چاش ، عاوەلان ، گۆخلان ، گۆخلانی کۆن ، بالیکەدەر ، لالەدەر ، بەرانکانی ، بادەلان ، قۆخی مینەقارەمان ، قشلاخ ، چەرمەگا ، شێرکۆژ ، کانی بی ، کولەبۆر ، سوراو ، هەنگەژاڵ ، بیستانە ، دەلارۆ

، زەنگیـەر ، لەنگـەدێ ، کـانی ژاژ ، دارۆخـان ، شـروێنە ، شێرزاد ،چالاو ،کانی دارۆخان ، لیوان ، هاربڕ ، چالە بێ ئاو ، مڕان ، وێنە ،ماسی دەر ، تەمیز ، شێخەدێ ، شیوەگوێزان ، دۆلـەبی ، تاتـان ، بـەهێ ، سەرسـوراو ، بـاراوای تـازە ، قەلەندەرئاوا ،قەلەندەرئاوای ، قۆخی بارام ، کانی خان ، کانی زەڵ ، کـانی هـەرمێ ، گـلاراوە ، چوێسەی خـوارو ، چوێسەی سـەروو ،اسماعیـل ئـاوا ،گـۆڵی ، قـۆخی شـاوڵی ، بەلـەکاوی ،هۆبە سوتە ، شێرەی تازە ، شێرەی کۆن ، سیرستانی تـازە ، سیرستـانی کـۆن ، گلینـەی نـسێ ، عیـزەت ئـاوا ، شـاوەڵێ ، شـەپاڵ ، میـشەرۆ ، قـۆخی مـام نـادر ، قـسامەینە ، قۆخـەی سێفلی ، سەیرانە ، احمدئاوا ، میراولی تازە ، ڕەزی بابا ، میراولی کۆن ، قۆخی خولە ، کـانی بۆگەنـە ، قـۆخی سـپیاڵ ، قۆخی حاجی فڕج ، قۆخی بەرکەچەڵ ، چنارە دێمـە ، کەرەگـەڵ ، بیمـاوای دوو ، بیمـاوای یـەک ، لالۆمـەرە ، کۆنـە وشـەک ،

گۆێژە ڕەشان ، پاش بەردی خواروو ، پاش بەردی سەروو ، سێروان،سپی کانی ، میشیاو ، نەرمەلاسی تازە ، نەرمەلاسی خواروو ، نەرمەلاسی کۆن ، شاییانی کۆن ، قرەقر ، قۆخەلاڵ )

ئەم گوندانە کە ژمارەیان (١٠٣) گوندەسەربەناحیەی گەرمکەو لەو ژمارە (١٥) گوندیان چۆڵکراوە .

وە (خرنوک ، کانی سپیکە ، کانی سیفی سەرو ، بەردەبەلەکە ، دۆلەچەوت ، جۆمەرەسی ، کوڕی گەپلە ، یاسامالّ ، تەراتەوەن ، دۆلەسور ، چەوتان ، کۆلێتانی خواروو ، سیامیوە ، کۆلیتان ، زەردۆی ، حەسەن ئاوا ،زەنگی سەر ، باخی سەروو ، ڕەشان ، سۆفی خەسرەو ، کانی سارد ، کورە میوی سەروو ، کورەمیوی خواروو ، توتمانی خواروو ، تازە دێ ، بۆری دەری سەروو ، بۆری دەری خواروو ، لائاش ، سلیمانە دۆلّ،سمایلە دۆلّ ، ڕەزلە ، قورجی ، مێرگە سور ، گولانی

خواروو ، گولانی سەروو ،کانی چیاو ، دەشتی خەرمان ، گەلۆز ، قولەگیسکان ، دۆستەدەرە ، سەرکان ، گەوران ، جارخ ، دەرەمیانە ، عارەبە ، هەرزەلە ، ئاروزەر ، بادانە ، سوێرە ، مکلّ ، مامەند ئاوا، زەرد کاوا ، کانی ماران ، )

ئەم گوندانە کە ژمارەیان (٥٣ ) گوندەسەربە ناحیەی نالپارێزن وەلەوژمارەیە (٣) گوندیان چۆلکراون

---

گوندی بلکیان لەکۆندا ئاوەدانی تیدا بووە وە (کۆلیت) بووە بەلام لەئیستادا وەک سەیرانگا بەکاردەهێنرێت

گوندی (بوبان) لە ئیستادا بووە بەگەڕەکێک لەگەڕەکانی پێنجوێن

موفتی پێنجوینی لەم شعریدا وەسفێک بۆ پێنجوێن دەکات دوای بومەلەرزەکە

پێنجوێن بەبێ تۆ نزیکە مـــــەرگم
لوبنان شکێن بووی داخی بەجەرگم

تازەبوکێک بووی بەســـــــەرچیاوە
ئەهاتنەسەیـــرت لەم لاو ئەو لاوە

پارچە ئەرزێ بویت لەپارچەی بەهەشت
زەردوشین کـــــە ژووکێودەشـــت

سەیرانگای پۆلی گەنجی عێراق بووی
لەم سەردەمەدا بۆن خۆش وتاک بووی

جێگەی هەزاران بێ نان وئاو بووی
هەرچەن ناحیە بووی شاری تەواو بووی

پێنجوێن بەبێ تۆ نزیکە مـــــەرگم
لوبنان شکێن بووی داخی بەجەرگم

بۆهەوای ساف وئاوی ساردی تۆ
ئەکەم هەتـــا هەم شیوەن ورۆ رۆ


میوەی بەهەشت بوو تامی میوەکەت
کەوسەربو کانی وچەم وشیوەکەت

ئیران وعێراق چاوی لەتۆ بوو
مردوش لەناوت بەرەنگ و بۆ بوو

سەد دلی سیست گەش ئەکردەوە
سەد خەمت لەبیر من ئەبردەوە

شاری غەزنەبووی بێجگە لەخۆشیت
خۆش بوو سەرپاک دەردونەخۆشیت

پێنجوێن بەبێ تۆ نزیکە مـــــەرگم
لوبنان شکێن بووی داخی بەجەرگم




نەخشەی بنەڕەتی پێنجوێن و سەرجەم گوندەکانی

ئاوهەوای پێنجوێن :ـ

پێنجوێن لەهاویندا پلەی گەرمای لە ( ٤٠ ) پلەی سەدی زیاتر بەرز نابێتەوە ئەمەش لەچاو ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستاندا پلەیەکی نزمە هەرچەندە پێنجوێن لەڕابردوودا پلەی گەرمای زۆرلەو پلەگەرمیە نزم تربوو بەلام بەهۆی ئەوگۆڕانە کەشوو هەوایەی کەڕووبەڕوی جیهان بۆتەوە کاریگەریشی کردۆتە سەر قەزای پێنجوێن وەپلەی سەرما لەوەزی زستاندا بۆ ژێر( ١٠ ) پلە دادەبەزێت وەلەوەرزی زستاندا بەفرێکی زۆردەبارێت ڕێژەی باران بارینیش سالانە لەناوچەکە نزیکەی ( ١٠٠٠ ) ملمە وە زۆرجارلەو ڕێژەیە زیاتر دەبارێت .

پێنجوێن لە ڕووی :-

(بازرگانی وکشتوکاڵی وگەشتیاری وسامانی سروشتیەوە )

لەبەر ئەوەی ئەو خەسلەتانەی لەسەرەوە نوسراوە سەرجەمیان لەشاری پێنجوێنداBoونی هەیە بۆیە بەپێویستم زانی باسی سەرجەم ئەو خەسلەتانەو خستنە ڕووی ناوچەکە بەسەرجەم باشیەکانیەوە بخەمە ڕوو وە پاشان بەشێکی کەم لەگرفتەکانی ئیستای پێنجوێن باس بکەم ،پێنجوێن بێ ئەوەی مرۆڤ دەستی تیایدا هەبێت یەکێکە لەو شارانەی کوردستان کە لەسەرجەم ڕووەکانەوە دەوڵەمەندە ئەگەر ئەم شارە لە هەر وولاتێک لە وولاتە پێشکەوتووەکانی دنیا بوایە ئەوا ئێستا یەکێک دەبوو لەشارە بەناوبانگەکانی جیهان چونکە تەنها پێویستە کار بۆ خەسلەتەکانی بکرێت، بەلام تائێستا کە ساڵی (٢٠١٥) یە حکومەتی هەرێم گرنگی نەداوە بەیەک سێکتەر


لەو سێکتەرانەی ئاماژەمان پێدا دەمەوێت ئەوەش بخەمە ڕوو
کە میلەتی ئێمە هەمیشە بەهۆی ئەو جەنگ وداگیرکاریانەوە
کە ڕووبەڕوی شارەکانی کوردستان بۆتەوە نەمان پەرژاوەتە
سەر ئەوەی کە بیر لە پێش خستنی نیشتمانەکەمان بکەینەوە
دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) سەرەڕای ئەو هەموو قوربانی
دانە توانیمان خۆبەڕێوەبەری بەدەست بهێنین بەڵام بەداخەوە
ئەوکاتیش ڕێکنەکەوتین ،لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە
ساڵی (٢٠٠٣) سەرەڕای هاتنی پارەیەکی زۆری بێشمار بۆ
کوردستان بەپێی بەرنامەو پلان کار بۆ ئاوەدانکردنەوەو
خزمەتی کوردستان نەکراوە لەوانەیە زۆرێک لەناوچەکانی تری
کوردستان پڕ پیت بن هەر بۆیە کاتێک حەزرەتی نوح
کەشتیەکی دروست کردوو دواتر داوای نیشتنەوەی کرد لە
ناوچەیەکی پڕبەرەکەت لەباکوری کوردستان نیشتەوە ئەمەش
بەڵگەی بەپیتی کوردستانە لەوانەیە هەر ئەمەش وای کردبێت

کە داگیرکردنی کوردستان جێی تەماحکاری وولاتانی دراوسێ بوبێت ،نەیان هێشتوە کوردستان بەیەک پارچەیی بمێنێتەوە ئێمەش کە کوردین کاتێک گەشتوینەتە پلەی بەهێزی ئەوا لەناوخۆماندا رێکنەکەوتوین ، بۆیە ئەمانەم خستەڕوو تابەبیرتان بهێنمەوە کە هەندێک هۆکاریش هەبووە بۆ پێش نەکەوتنمان شاری پێنجوێنیش بەهۆی ئەوەی کەناوچەیەکی سنوریە هەمیشە بۆ قوربانی دان پێشەنگ بووە دانشتوانەکەی هەمیشە باجدەری یەکەمی سەرجەم نەهامەتیەکانی کوردستان بوون.


# پێنجوێن لەڕووی بازرگانییەوە



CamScanner



مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ



مەرزی نیودەوڵەتی باشماخ

بازرگانی بەگشتی دووجۆرە:-

١- بازرگانی ناوخۆ

٢- بازرگانی دەرەکی

١- بازرگانی ناوخۆ بریتیە لە ئاڵوگۆڕکردنی شمەک لەنێوان شارو گوندو شارەدێکان وەتاکەکانی کۆمەڵگە بەگشتی

٢- بازرگانی دەرەکی بریتیە لەئاڵوگۆڕکردنی شمەک لەنێوان دوودەوڵەت و زیاتر وە ئەم بازرگانیە بەڕێگەی وشکانی ئاوی ئاسمانی دەکرێت ، وە هێنانی ئەم شمەکانەش بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانە، هاتنی ئەم شمەکانەش لەلایەن دەوڵەتەوە باجی دەخرێتە سەر ئەوولاتانەی کەڕێگەی ئاوی وئاسمانیان هەیە تێچوی کەمترە لە هەرێمی کوردستان بەو پێیەی ڕێگەی ئاوی و ئاسمانی نیە تەنها ڕێگەی وشکانی هەیە، بۆیە لەڕێگەی ئوتومبیلەوە ئەم کارە دەکرێت وەتەنانەت کوردستان یەک هێڵی شەمەندەفەریشی تێدانیە، هەمیشە هێنانی

کەلوپەل لەرێگەی وشکانیەوە نرخی تێچونی زیاترە وە ماوەی وەدەست هێنانیشی بە هەمان شێوەیە،

وەهەرلەوروانگەیەوە پێنجوێن بەیەکێک لەوناوچانە دادەنرێت کەبازرگانی لێرەوە دەکرێت و لەرێگەی زیاترلە(١٧) گوندە وە هاوسنورە لەگەڵ وولاتی ئێران دوان لەم خاڵە سنوریانە یەکێکیان نێودەولەتی و ئەوی تریان نیمچە رەسمیە ئەویش هەریەک لە مەرزی نێودەولەتی باشماخ مەرزی نیمچە رەسمی سەیرانبەنە ئەوانی تریش بریتین لەوگوندانەی کە هاوسنورن لەگەڵ وولاتی ئیران لەوانە:- (توتمان ، سیامێوە ، هوشیاری ، احمد ئاوا ، کانی خان ، سیاگوێز ، گوڵێ ، شەپاڵ ، گۆخلان ، شایەن ، میشیاو ، بناوەسوتە ، کونەورچ ، جۆمەرەسی ، هەلالاوا ) هەریەک لەم گوندانەی باسم کرد هاوسنورن لەگەڵ ئیران مەرزی رەسمی نین،پێنجوێن بەوپێیەی وەک رێگایەکی بازرگانی هەژماردەکرێت وەک لەپێشترباسمان کردوە دوومەرزی هەیە مەرزی نێودەولەتی باشماخ هاوسنورە

لەگەڵ شاری مەریوانی ڕۆژهەلاتی کوردستان نزیکەی (٦) کم دورەلەقەزای پێنجوێنەوە وەتاسالی (٢٠٠٧) ئەم مەرزە نیودەولەتی نەبووە لە (٢٠٠٧/٧/٢٦) بووەبەنێودەولەتی وە سەرجەم ئەوفەرمانگانەی بۆمەرزێکی نێودەولەتی دەبێت بۆی دابینکراوە لەوانە :-

(بەڕێوبەرایەتی کۆمەلگای نێودەولەتی باشماخ ، بەڕێوبەرایەتی گومرکی باشماخ ، بنکەی پۆلیسی باشماخ ، بنکەپۆلیسی هاتوچۆی باشماخ ، کوالیتی کۆنترۆلی باشماخ ، بانکی باشماخ ، پاسپۆرتی باشماخ ، بنکەی تەندروستی باشماخ ، بنکەی ئاسایشی باشماخ) بەپێی ئەو ئامارانەی لەفەرمانگەی گواستنەوەوە دەستمان کەوتوە ژمارەی ئۆتۆمبێلی بارهەلگر لەمەرزەکە (١٩٨٨) بارهەلگرەو دابەش بووە بەسەر (١٢) جۆر ئوتۆمبیلی بارهەلگرکەلە (١) تەنی دەسپێدەکات تا (١٦) تەنی جگە لە ئالوگۆڕی بازرگانی ژمارەیەکی زۆرگەشتیار لەم مەرزەوە هاتوچۆدەکەن بەپێی ئەوئامارانەی کەلەمەرزی نێودەولەتی باشماخ دەستمان

کەوتوە سالانە نزیکەی (٥٥٢٤٩٧) گەشتیار دێنە هەرێم وە ئەوگەشتیارانەی بەئوتۆمبیلی خۆیان دێن ژمارەیان (٢٦٦٧٦) گەشتیارە وە رێژەی ئەوگەشتیارانەی دەچنە وولاتی ئێران بریتیە لە(٥٤٧١٤٦) گەشتیار وە ئەوگەشتارانەی ئوتۆمبێلی خۆیان دەچنە ئێران (٢٩٢٣) گەشتیار وە رێژەی ئەوگەشتارانەی کەلەوولاتی ئێرانەوە دێنەهەرێمی کوردستان زیاترە لەو ژمارەی کەدەچنە وولاتی ئێران وە رێژەی هاتنی گەشتیار زیاتر لەوەرزی بەهاردایە زۆرێک لەم گەشتیارانە کەدێن راستەوخۆ دەچنە پارێزگای سلێمانی ئەوەش بەهۆی نەبونی خزمەتگوزاری پێویستی گەشتیارییەوە لەناوچەی پێنجوێن وەبەشێک لەوکەسانەی کەدێنە هەرێم بۆکارکردن دێن ئەمەش لەبەرچەند هۆکارێک کەبریتین لە:-

١- بەرزی نرخی دیناری عێراقی بەرامبەر تمەنی ئێرانی

٢ـ کەمی هەلی کار لەوولاتی ئیران بوونی گەمارۆی ئابووری لەسەر ئەوولاتەو زۆری هەلی کارلەکوردستان کەئەم هەلی کارە لەسالانی (٢٠١٠) تا (٢٠١٣) زۆر باشتربوو بەلام لەئێستادا بەهۆی قەیرانی داراییەوە زۆر کەم بۆتەوە ئەو شتومەکانەی لەوولاتی ئێرانەوە هاوردە دەکرێن لەرێگەی مەرزی نیودەولەتی باشماخەوە بریتین لە:ـ

١ـ شتومەکی کارەبایی وەک (سەلاجە،سپلیت،گسکی کارەبا) هتد...

٢ـ شتومەکی خواردن وەک (برنج،شەکر) هتد...

٣ـ شتومەکی سەوزەوات وەک (پەتاتە،تەماتە،پیاز+میوە) هت

٤ـ شتومەکی بیناسازی وەک (چیمەنتۆ،کاشی) هتد...

٥ـ ئاژەڵ بەهەموو جۆرە کانیەوە

٦ـ ئۆتۆمبێل وسەرجەم شتومەکە پێداویستەکانی

٧ـ بابەتی قرتاسیەو سەرجەم بەشەکانی

٨ ـ شمەکی لەقوتوکراو بەهەمووجۆرەکانیەوە

٩- سەرجەم شتومەکە پیشەسازیەکان

١٠- پەینی کیمیای کشتوکالی هتد...

١١- هاوردەکردنی (بەنزین،نەوت،گاز) سەرجەم جۆرەکانی ئەم

١٢- جگەرە کە زۆرترین باجی دەخرێتەسەر

١٣- ساردەمەنی وشیرینی وسەرجەم جۆرەکانی

ئەم خالانەی لەسەرەوە نوسراون تەنها پوختەی شتومەکە هاوردەکراوەکانن تەنها بەپێویستم زانی پوخەتکراوەکەی بنوسم ئەم شتومەکانە دوای هاتنیان لەوولاتی ئێرانەوە زۆربەیان باجیان دەخرێتەسەرو هەندێک لەوشتومەکانەش لەلایەن حکومەتەوە بەخشراون.

ئەوشتومەکانەی کەهەناردەدەکرێن بریتین لە :-

١- باتری کۆن وشکاو

٢ - مسی قالب وفەل

٣- قورقوشم

٤- ڕادێتەری شکاو فافۆن و زەردو پێستەی ئاژەڵ

٥ - نەوتی ڕەش

ئەو شتومەکانەی کەلەناو هەرێمەوە هەناردە دەکرێن زۆر کەمترن لەو شتومەکانە هاوردە دەکرێن ، ئەمەش بەهۆی نەبوونی پلان و ستراتیژی بەهێزەوە بووە شایەنی باسە هەرێمی کوردستان زیاتر بەکارهێنەرە لەوەی بەرهەم هێنەربێت وە تا ئێستا حکومەت هەوڵی نەداوە کەشتومەکی ناوخۆ زیاد بکات و هەناردەی بکات بۆنموونە کوردستان دەتوانێت میوەو بەرهەمی کشتوکاڵی هەناردە بکات، بەلام تائێستا ئاستی بەرهەم زیاد نەکراوە ئەو شتومەکانەی لەووڵاتی ئێرانەوە

هاوردەدەکرێن زۆربان لەوولاتی ئێران بەرهەم ناهێنرێن بەڵکو زۆرجار ئەوکەلوپەل وشتومەکانە لە وولاتانی دراوسێی ئێران بەرهەم دەهێنرێت و لەرێگەی ئێرانەوە دەهێنرێتە هەرێم بۆنمونە (ئۆتۆمبیل) ئەمەش بەهۆی بوونی سەرجەم رێگەکان لەو وولاتە ئێران خاوەنی رێگای ئاوی وئاسمانی و وشکانیە کەئەمەش وای کردوە رێگای گواستنەوە ئاسانتربێت و تێچوی کەم بێت وەسەرجەم ئەوخۆراکانەی لەدەروازەی نێودەولەتی باشماخەوە دێنەهەرێم پشکنینی بۆدەکرێت،

---

تێبینی:- رێژەی بەرزبونەوەی ئالوگۆڕ پابەندەبە ئەو رێکەوتنانەی کەلەگەڵ وولاتانی دراوسێ بەستراوە بەمەش هەماهەنگی وکارئاسانی بۆئەو شتومەکانەی هاوردەدەکرێن و هەناردە دەکرێن وە ئەوشتومەکانەی کەخواستیان زۆرلەسەرە بەرهەمی سەوزەو میوەیە بەگشتی دەمەوێت لێرەدا بەوردی داهاتی مەرزی نێودەولەتی باشماخ بخەمەڕوو بەساڵ و مانگ

ڕۆژو کاتژمێر ، وە زۆرلەمێژە ئەم سنورە داهاتێکی باش بۆهەرێم دەستەبەردەکات، بەلام تائێستا هیچ سودێکی ڕاستەوخۆی بۆناوچەکە نەبووە سودە لاوەکیەکانیش بەرێژەیەکی کەم بووە ، ئەمەش لەڕووی دامەزراندن وڕەخساندنی هەلی کار بۆدانیشتوانی ناوچەکە .

داهاتی باشماخ بەوپێیەی ئێمە دەستمان کەوتوە دەتوانین داهاتی (٣) ساڵ بخەینەڕوو ئەویش ساڵەکانی (٢٠١٥، ٢٠١٤، ٢٠١٣) سەرەتادا داهاتی ساڵی (٢٠١٣) دەخەینەڕوو کەلەم ساڵەدا هەرێمی کوردستان ڕووبەڕوی قەیرانی دارایی نەببوەوە،

## داهاتی سالی( ٢٠١٣ )

• بۆ سالی(٢٠١٣) ڕێژەی داهات (١٩٢١٠٨٩٢٩٠٠٠) سەدوو نەودوو ملیاروسەدوو هەشت ملیون ونۆسەدوو بیست ونۆ هەزاردیناربووە ،

• وە داهاتی هەر مانگێکی ئەم سالە (١٦٠٠٩٠٧٧٤١٦) شازدە ملیارو نۆملیون و حەفتاوحەوت هەزارو چوارسەدوو شازدە دیناربووە

• بۆهەر ڕۆژێک لە (٢٠١٣) دا داهات (٥٣٣٦٣٥٩١٣) پێنج سەدو سی وسیٚ ملیۆن وشە ش سەدو سی وپێنج هەزارو نۆسەدو سیازدە دیناربووە ،

•هەرکاتژمێرێک کارکردن لەمەرزی نێودەولەتی باشماخ لەسالی (٢٠١٣) (٢٢٢٣٤٨٢٩) بیست ودوو ملیۆن ودووسەدو سی و چوارهەزارو هەشت سەدو بیست ونۆ دیناربووە ،

## داهاتی ساڵی (٢٠١٤)

• وەئەگەر داهاتی (٢٠١٤) وەربگرین بۆ ساڵەکە بریتی بووە لە (٢٥٢٢٢٨٦٠٠٢٥٠) دووسەدو پەنجاو دوملیارو دوسەدو بیست وهەشت ملیۆن وشەش سەد هەزارو دوسەدو پەنجا دینار

• بۆهەرمانگێک بۆ (٢٠١٤) نزیکەی (٢١٠١٩٠٥٠٠٢٠) بیست ویەک ملیارو نۆزدە ملیۆن وپەنجا هەزارو بیست دیناربووە

• ودبۆ هەرۆژێک نزیکەی (٧٠٠٦٣٥٠٠٠) حەوت سەدملیون وشەش سەدوو سی وپێنج هەزار دیناربووە

• بۆ هەرکاتژمێرێک (٢٩١٩٣١٢٥) بیست ونۆ ملیون وسەدوو نەودووسێ هەزاروسەدووبیست وپێنج دینارە

## داهاتی سالی (٢٠١٥)

•سالی (٢٠١٥) داهات نزیکەی (٢٣٧٣٩٦٠٠٣٠٠٠) دووسەدوو سی و حەوت ملیارو سیٚ سەدوو نەودوو شەست ملیون سیٚ هەزار دینارە

• وەداهاتی(٢٠١٥) بۆهەرمانگێک بریتییە لە (١٩٧٨٣٠٠٠٢٥٠) نۆزدە ملیارو حەوت سەدوو هەشتاو سیٚ ملیۆن ودووسەدوو پەنجا دینار

• بۆهەرۆژێک داهات دەکاتە (٦٥٩٤٣٣٣٤١) شەش سەدو پەنجاو نۆملیۆن وچوارسەدو سی وسیٚ هەزارو سیٚ سەدوو چل ویەک دینار

• بۆهەرکاژێرێک (٢٧٤٧٦٣٨٩) بیست وحەوت ملیۆن وچوارسەدو حەفتاو شەش هەزارو سیٚ سەدوو هەشتاو نۆ دینارە

تێبینی:-

دیارەلەکاتی نوسینی ئەم کتێبەدا سالی (٢٠١٥) یەو لەقەیرانی دارایدابین وە زۆرێک باس لەوەدەکەن کەداهاتی ناوخۆ کەمی کردوە بەلام ئەگەر داهاتی سالی (٢٠١٣) کە (١٩٢١٠٨٩٢٩٠٠٠) سەدوو نەوەدو دوملیارو سەدو هەشت ملیۆن ونۆ سەدوو بیست ونۆهەزار دیناربووە، وەداهاتی لەسالی(٢٠١٥) داهات وەربگرین کە بڕی داهات (٢٣٧٣٩٦٠٠٣٠٠٠) دووسەدو سی وحەوت ملیارو سێ سەدو نەوەدووشەش ملیۆن وسێ سەد هەزار دینارە ،ئەگەر بەراوردێک بکەین لەنێوان داهاتی سالی(٢٠١٣) بۆ (٢٠١٥) ئەوا بەڕوونی دەردەکەوێت کەداهاتی (٢٠١٥) سەرەڕای بونی قەیران (٤٥٢٨٧٠٧,٤٠٠٠) چل وپێنج ملیارو دووسەدو هەشتاو حەوت ملیۆن حەفتاو چوار هەزار دیناری زیاترە لەسالی (٢٠١٣) وەئەمەوێت نمونەیەک بهێنمەوە ئەگەر لە (١٪) داهاتی سالێک لەوسالانە خەرج بکرایەبۆ پێنجوێن ئەوادەتوانرا پڕۆژەیەکی گەشتیاری دروست

بکرایە، دواتر داهاتەکەش بگەڕایەتەوە بۆحکومەت ئێمە لە (١٪) داهاتی ساڵی (٢٠١٥) مان وەرگرتووە کەدەکاتە (٢٣٧٣٩٦٠٠٣٠) دووملیاروسێ سەدو حەفتاو سێ ملیۆن نۆسەدوشەست هەزاروسی دینار

- مەرزی سەیرانبەن کەئەمەش هاوسنورە لەگەڵ شاری بانەی ڕۆژهەلاتی کوردستان وەئەم مەرزە تائێستا نەبۆتە نێودەوڵەتی بەڵکو نیمچە ڕەسمیە وە ژمارەی ئەو ئۆتومبێلە بارهەڵگرانەی کاری تێدا دەکەن (٥٧٢) ئوتومبیلە وەدابەش بوون بەسەر (٦) جۆرئۆتومبێلدا لە ئێستادا هەوڵی زۆرهەیە بۆبەڕەسمی کردنی لەکاتێکدا ئەم مەرزە ببێتە ڕەسمی بڕی داهات زیاد دەکات لەناوچەی پێنجوێن وەسەرجەم ئەو گوندانەی تر کەلەسەرەتادا باسمان کرد تەنها هاوسنورن لەگەڵ ئێران وەبەڕێگەی نایاسایی وەبە قاچاخی کاری تێدا دەکرێت بۆڕێگری کردن لەم دیاردەیەش حکومەتی عێراق پاسەوانی سنوری لەوناوچانە داناوە بەهەمان شێوەش حکومەتی ئێران سەربازی داناوە بەلام ئەم دیاردەیە هەرلەکۆنەوە بەردەوامە

خەڵکانێک لەناوچەکە داهات وبژێوی ژیانیان لەسەر ئەم کارەیە وەدەمەوێت ئەوە باس بکەم هەر لەکۆنەوە ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەبووە لەناوچەکە بەلام بەشێوەی فەرمی نەبووە لەدوای راپەڕین سالی(١٩٩١) خەڵکی ناوچەکە گەڕانەوە پێنجوێن دەستیان کرد بەئاڵوگۆڕی بازرگانی ئەوەش لەرێی کۆڵبەری وولاخ داریەوە بووەو پارەیان پەیداکردوە کەئێستا گەشتۆتە ئەوئاستە بەوپێیەی دانیشتوانی پێنجوێن وئێران لەرێگەی ژن وژن خوازیەوە تێکەلاویەکی باش درووست بووە ئەمەش ئاسانکاری کردووە بۆ ئالوگۆری بازرگانی وشارەزابوونی کلتوری یەکترو گۆڕینەوەی دیاری جۆراو جۆر لەنێوان یەکتردا بەهۆی ئەوتێکەلاویەوە بەشێک لەخەڵکی ناوچەکە کەفێری زمانی فارسی بون و توانیویانە خۆیان فێری کلتورو زمانیان بکەن وەجگە لەمانە دوکاندارەکانی ناوچەی پێنجوێن ئەگەر شتومەکێکیان بوێت راستەوخۆ لەئێرانەوە دەیهێننەناو پێنجوێن نایگوێزنەوە ناوچەکانی تری کوردستان بەڵکو تەنها لەپێنجوێن دەیفرۆشن وەئەو شتومەکانە سنوردارن

بەپێی خواستی خەڵکی ناوچەکە ئەوشتانەش بریتین لە (سەوزە،ماسی،شیرینی) دانیشتوانی پێنجوێن لەکاتی دروستکردنی بینای نیشتەجێبوون وخانوولەشارەکانی ئێرانەوە کەرەستەی بیناسازی بۆخانوەکانیان دەهێنن ئەمەش بەهۆی هەرزانی نرخی تمەنی ئێرانی لەبەرامبەر دیناری عێراقی شتومەکەکان بریتین لە(شیش،گەچ،خشتی سور،کاشی ،چیمەنتۆ) هتد... کەئەمەش بەرەزامەندی سەرۆکایەتی شارەوانی پێنجوێنە وەخەڵکی ناوچەکە بۆئیش کردن زیاتر ئیش بەوکرێکارو وەستایانە دەکەن کە خەڵکی ڕۆژهەلاتن ئەوەش لەبەرئەو کرێیان کەمترە ئەم جۆرەکارکردنەش دەبێتەهۆی تێکەلاوی بازرگانی وپیشەسازی،

لە( ٢٥/ ١٠/ ٢٠٠٧ ) حکومەتی هەرێم نزیکەی (٢١) مێگا کارەبایی بەرێکەوتن لەوولاتی ئێران کری کەئەوەش بەشێکە لەبازرگانی ، وەئەم کارەبایە بۆهەردوو ناحیەی گەرمک و ناڵپارێز گواستراوەتەوە وە گەیەنراوەتە زۆرێک لەگوندە کانی ناوچەکە کە بوونی ئەم کارەبایە لەناوچەکە

بۆتەهۆی ئاوەدانی زیاتری ناوچەکە وەئەرکێکی لەسەر کارەبای نیشتمانی کەم کردۆتەوە وەدەتوانین ئەم ئەزموونە لەزۆر بواری تردا دوبارەبکەینەوە ئەمەش بەراکێشانی بۆری غازی سروشتی کەلەرۆژهەلاتی کوردستان بۆری غازی سروشتی بۆزۆرێک لەشارەکانی راکێشراوە براوەتە ماڵەکانیانەوەدەتوانرێت ئەمەش بگوازێتەوە بۆپێنجوێن بەهەمان شێوەی کارەباکە، کەئەمەش تێچونی کەمەو دەتوانرێت لەجێگەی نەوت وگازبەکاربهێنرێت،وەبارهەڵگرێکی زۆرلەرێگەی پێنجوێنەوە دەچنە وولاتی ئێران کەتەنکەرن و نەوتی رەش ونەفتایان هەڵگرتووە وە زۆرجار لەجیاتی ئەونەوتە بەنزین دەهێننەوە هەرێم بەلام بەهۆی ئەمەوە چەندین جار لەناوچەکە رووداوی دڵتەزێن رووی داوە ئەمەش بەهۆی ئەوەی رێگەکە خراپە حکومەتی هەرێم تائێستا نەیتوانیوە مەرجەکانی سەلامەتی دابین بکات ئەمەش مەترسیەکی زۆری هەیە بۆسەر هاولاتیانی ناوچەکە، حکومەتی هەرێم دەتوانێت بەرێکەوتنێکی بازرگانی بۆری نەوت رابکێشێت بۆئێران

هاوشێوەی بۆری گواستنەوەی نەوتی کوردستان بەندەری جیهانی تورکیا وە خراپترین سیاسەت ئەوسیاسەتەیە لەئابووریدا تەنها پشت بە یەک سەرچاوەی داهات ببەسرێت وەئەمە بۆئەوەش راستە حوکمەت بۆگواستنەوەی نەوتەکەی یان هەرکەلوپەلێکی ترپشت بەیەک وولات ببەستێت لەبەرئەوەی کەهەمیشە مێژووی کورد ئەوەمان بیردەهێنێتەوە کەوولاتانی دراوسێمان بۆبەرژەوەندی باشتر دەستیان لێهەلگرتووین بۆیەپێویستە جگە لە وولاتی تورکیا حکومەتی هەرێم چەند رێگەیەکی تربدۆزێتەوە بۆگواستنەوەی نەوت وشتومەکەکانی چونکەهیچ کات سیاسەتی وولاتانی دراوسێ جێگیرنیە بەلکوبەردەوام لەگۆراندایە، وەدەتوانرێت پێنجوێن بکرێتە رێگەی گواستنەوە بۆری

## (پێنجوێن چەندین گرفتی هاتووچۆی هەیە )

١ـ سەختی ڕێگای هاتووچۆ کەناوچەکە تائێستا ڕێگایەکی یەک ئاڕاستەوپێچاوپێچی وبەرزی ونزمی هەیە کەئەوەش بەهۆی قەرەباڵغی ڕێگەکەو بوونی ئۆتۆمبیلێکی زۆری بارهەڵگر چەندین ڕوداوتیایداڕووی داوە

٢ـ پێنجوێن ناوچەیەکی کوێستانیەو لەزستاندا بەفرێکی زۆری لێ دەبارێت ئەمەش دەبێتە هۆی ئاستەنگی هاتووچۆ ودروستبونی ڕوداو

٣ـ نەبونی گۆڕەپانێکی گەورە بۆئۆتومبێلی بارهەڵگر کەزۆرجار بۆماوەی چەندین ڕۆژ ئۆتۆمبیلەکان لەقەراغی شەقامەکە دەمێننەوە وەئەمەش بۆتەهۆی مەترسی بۆ ئەوکەسانەی بەئوتۆمبێلی بچوک هاتووچۆدەکەن لەوڕێگەیە

٤ ـ نەبونی کۆگای گەورە لەناوچەکە بۆهەڵگرتنی ئەوشتومەکانەی ڕاستەوخۆ دێنە پێنجوێن بۆبە خاوەن شتومەکەکان ناچار دەبن کەڕاستەوخۆ شمەکەکانیان

بگوێزێنەوە، وەئەمەش زۆرجار بۆتەهۆی گەیاندنی زیان بەشتومەکەکانیان ، بەهۆی باران وبەفرەوە بەبونی کۆگا ڕاستەوخۆ ئەم گرفتەچارەسەردەبێت

٥- نەبونی ڕێگە پێدانی ڕاستەوخۆ لەلایەن وولاتی ئێرانەوە کەلەزۆرێک لەوولاتان ئەم سیستەمە پەیڕەودەکرێت دانیشتوانی ناوچە سنوریەکان پێویستیان بەمۆرکردنی پاسپۆرت نیە بەڵکو باجێکی تایبەت یان بەناسنامە دەچنە وولاتی دراوسێ وە ئەمەش هەوڵی بۆدراوە بەلام تائێستا جێ بەجێ نەکراوە وەئەگەر ئەو ڕێکەوتنە ئەنجام بدرێت ڕاستەوخۆ هاتن و ڕۆشتنی گەشتیار زیاد دەکات وجموجوڵی بازرگانیش خێرا تر دەبێت وسودێکی باشی بۆ خەڵکی پێنجوێن دەبێت

٦- بارکردنی باری زیاد لە پێویست لەئوتۆمبیلە بارهەڵگرەکان کەئەمەش دەبێتەهۆی تێکچونی ڕێگاوبانەکان ودروستکردنی ڕووداو.

٧- نەبونی بنکەیەکی ڕێگاوبان یان بەڕێوبەرێتی ڕێگاوبان لەناوچەی پێنجوێن تابتوانرێت سەرپەرشتی شەقامەکانی دەرەوەی پێنجوێن بکات



CamScanner


# پێنجوێن

# لەڕووی


# کشتوکاڵییەوە



CamScanner



دەشتی حسن ئاوا



دەشتەکانی نزیک مەسۆ

کشتوکاڵ یەکێکە لەسەرچاوە سەرەکیەکانی ژیان ئەمەش بەوبەڵگەیەی کەیەکەم پیشەبووە کەمرۆڤ دۆزیەوە وەبەروبومی چاندووەو دواتر کۆی کردۆتەوە سکی خۆی پێ تێرکردووە بۆتە هۆی جێگیربوونی لەوشوێنەداو بنیاتنانی خانووی نیشتەجێ بوون، کشتوکاڵ لەکۆنەوە بەپێی سەردەم بەرەوپێشچوونی باشی بەخۆیەوە بینیوە کەئەمە کوردستانی گرتۆتەوە کشتوکاڵ پێویستی بەخاکی بەپیت وئاوهەوای گونجاوهەیە خۆشبەختانە ئەم کوردستانەی ئێمەش لەورووەوە دەوڵەمەندە وەشاری پێنجوێن یەکێکە لەشارە بەپیتەکانی کوردستان بۆکشتوکاڵ زۆرێک لەولاتانی دنیا یەکێک لەسەرچاوەکانی داهاتیان کشتوکاڵە ئەمەش بەوەی کەکارئاسانی و شێوازی نوێی بەرهەمهینان گرنگی زۆریان پێداوە لەهەموورووەکانەوە ئەمەش بەهۆی ئەوەی کەمرۆڤ هەرگیزناتوانێ دەستبەرداری گەنم وخۆراک بێت لەمێژووی بیری ئابووریداکە قوتابخانەکانی

بەرهەم هێنان یەک لەدوای یەک لە ڕاو وشکارو چنینەوەی بەروبوم پاشان کشتوکاڵ و قۆناغی بازرگانی مرۆڤ وابیری کردۆتەوەکە پیشەی دروست کردنی کەلوپەلەکان لەکەرەستەخاوەکانی بریتیە لەگۆڕینی کەرەستەکەلەشێوەیەکەوە بۆشێوەیەکی تر کە هەمیشە کێش وقەبارەی بەرهەم هاتوو وەک کەرەستەی بەکارهاتووە یان کەمترە ، بەلام لەکشتوکاڵدابەپێچەوانەوەیە کە (لەیەک تەنەکە گەنم) بەرهەمەکەی لانی کەم (١٠) هێندەی خۆی زیاد دەکات بۆیە تەنها کشتوکاڵیان بە بەرهەم هێنان زانیوە، کەواتە کشتوکاڵ گرنگە ئەگەر بلێین ئەم کوردستانە لەبارە بۆکشتوکاڵ ئەوە ڕاسترین قسەمان کردووە ،چونکە چێژی بەروبومی کوردستان زۆر جیاواز ترە لەبەر ئەوەی خۆرسکانە بەرهەم دەهێنرێت و کەمترین کەرەستەی کیمیایی تێدا بەکاردەهێنرێت دەمەوێت باسی گرنگی کشتوکاڵی ناوچەی

پێنجوێن بکەم وەکو پێشتر باسمانکرد دووناحیەی هەیە کەلێرەدا بەڕوونی ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی هەردووناحیەکەش دەخەینەڕوو ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی پێنجوێن بریتیە لە (٣٠٩١٠) دۆنم ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی ناحیەی گەرمک بریتیە لە (٣٠٥٨٤) دۆنم ڕوبەری زەوی کشتوکاڵی ناحیەی نالپاریز بریتیە لە (٢٠٢٦٨) دۆنم کۆی گشتی ڕووبەری کشتوکاڵی پێنجوێن بریتە لە (٨١٧٦٢) دۆنم وەبە پێویستی دەزانم جۆری ئەوبەروبومە کشتوکاڵیانە بخەمەڕوو کەلەناوچەکە دەکرێت لەوانە (شوتی ، کاڵەک ، تەماتە ، بیبەر ، کولەکە ، خەیار ، ترۆزی ، باینجان ، پیاز، پەتاتە) ناوچەی پێنجوێن بۆئەم بەرهەمانەگونجاوە بەڕەچاوکردنی باری کەشوهەواوخاک وەلەناوچەی پێنجوێندا باخی تایبەت بەیەک بەروو بوم بونی زۆرکەمە ئەمەش بەهۆی نەبونی شارەزایەتی زۆر یان ڕاستربیلێین نەبونی بلاوکردنەوەی ڕێنمایی بۆشارەزاکردنی

جوتیاران تاجوتیاران کاتێک باخێک درووست دەکەن تەنها بەرووبومێک بەرهەم بهێنن ئەمەش وادەکات بەروبومێکی زۆرکوالیێتی بەرز بەدەست بهێنرێت وەپسپۆڕی تێدا پەیدابکات، سەرەڕای ئەمەش داهاتێکی باش بەدەست دێت بۆ نموونە وولاتی ئێران زۆرترین باخی جۆراوجۆری تێدایە وەخاوەن باخ تەنها گرنگی بەیەک جۆربەرهەم دەدات وەبەرهەمی میوەی داری لەناچەی پێنجوین برییتەلە (سێو ، گێلاس ، هەرمێ ، هەلوژە ، قۆخ ، قەیسی ،بەهێ ، گوێز ، بادەم،ترێ) وە ئەم ڕێژەیە ڕێژەیەکی زۆرنیەو تەنها مام ناوەندە دەتوانین لە پێشینەی پێنجوێندا هەست بەوە بکەین کەدوو جۆر بەرهەمی هەرمێ کە یەکێکیان هاوینەیەو پێی دەوترێت (هەرمێ گولاوی) وە ئەوی تریان پاریزەیەو پێی دەوترێت (هەرمێ ناسکە) ناوبانگێکی تایبەتیان هەیە کاتێک لەپێنجوێن بەرهەم دەهێنرێت کە دەکرێت لەڕووی موتوربەکردن و برەو

پێدانی شێوازی نوێی تێدا بەکاربێهنرێت وە زۆرتر گرنگی بدرێت بە ( سێو ) بەتایبەتی کەلەبەشی خوارەوەی پێنجوێن لەکاتی رژێمی پێشوودا باشترین جۆری سێو لەکەش وهەوای پێنجوێندا بەرهەم دەهات بۆیە سود وەرگرتن لە ئەزموونی پێشوو داهێنان وهێنانەکایەی بەرهەمی نوێ لەم بوارەدا زۆر پێویستە ،ئەو بەرهەمە وەرزیانەی کەلەناوچەی پێنجوێن گونجاون بۆچاندن تائێستا تاقی کراوەتەوەو لەرووی چاندن و دواتر کۆکردنەوەی سەرکەوتووبووە بریتین لە :-

(شوتی ، تەماتە ، پەتاتە ، پیاز ، کالەک ، خەیار) لەبەر ئەوەی زۆر لەو بەرهەمانە تەنها لەناوخۆی پێنجوێندا بەکارهێنراون لەرووی بازرگانیەوە هێشتا نەنێدراونەتە دەرەوە تەنها بەرهەمی (تەماتە و شوتی)کە لەپلەی یەکەمی بەربومەکاندا بەژمارە تۆمارکراوە کەساڵانەبەرهەمی تەماتە بریتیە لە (٨٠٠٠) تەن وەرێژەی بەرهەمی شوتی (٢٢٠٠)

تەن وەبەپێی ئاماری بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی پێنجوێن نزیکەی ( ٢٨٠٠ ) جوتیارلەناوچەکەدا هەیە جوتیارانی ناوچەکە زیاتر ئارەزوی چاندنی( شوتی وتەماتە) یان هەیە، بۆیە ئەمەش وای کردووە بەرهەمەکە زۆربێت وەتارادەیەکی باش ئەو دووبەرهەمە ناوبانگیان هەیە لەهەرێمی کوردستان ئەمەش بەهۆی ئەوەی جوتیارانی ناوچەکە ئەزموونیان زۆرە لەودووبەرهەمەدا بەگشتی قەزای پێنجوێن ڕووبەرێکی فراوانی کشتوکاڵی هەیە، بەلام ئەو ناوچانە دەخەینەڕوو کەبۆ کشتوکاڵ فراوانن و ڕێگەی گواستنەوەیان ئاسانترە فراوانترین ناوچەی کشتوکاڵی بریتیە لە (ئیبراهیم ئاوا ، میرمام ، قزلَجە ، کێلو ، هەرگێنە ، بناوەسوتە) ئەوشوێنانەشی کەڕێگایان ئاسانترە بریتیە لە (ایبراهیم ئاوا، کێلو) وەحکومەتی هەرێم دەتوانێت ڕێگا ئاسانتربکات بۆگواستنەوەی بەرهەمەکان ناوچەی پێنجوێن لەڕووی بەرهەمی دانەوێڵەوە بەناوچەی باران

مسۆگەر دادەنرێت چونکە بەرزی لەئاستی ڕووی دەریاوە دەگاتە (١٤٢٠) مەتر ئەمەش وایکردووە کە لەهەمووساڵەکەدا بەشی ووشکەدان باران ببارێت وە خاوەنی زەوییەکی باشە کەلەوەرزەکانی ساڵدا دانەوێڵەی تێدا دەکرێت ڕوبەڕووی زەوی چێنراو بەگەنم لەناوەندی پێنجوێندا نزیکەی (١٧٠٠٠) دۆنم وە ڕووبەری زەوی چێنراو بەگەنم لەناوچەی گەرمک (٨٠٠٠) دۆنمەوە ڕووبەری زەوی چێنراوبەجۆلە زەویەکانی پێنجوێن (٩٠٠٠) دۆنم وەبۆزەویەکانی گەرمک (٥٠٠٠) دۆنمە بۆزەویەکانی ناڵپارێز (٢٠٠٠) دۆنم بەگشتی ڕووبەری چێنراوبە گەنم و دانەوێڵە لەقەزای پێنجوێن نزیکەی (٢٨٠٠٠) دۆنمە بەگشتی ڕووبەری زەوی چێنراو بەجۆ (١٦٠٠٠) دۆنمە وەئەم ڕێژەیەی دانەوێڵە لەناوچەکە ئەوەدەسەلمێنێت کەپێنجوێن بۆکشتوکاڵکردن گونجاوە وەپێویستە پەرەی پێبدرێت ناوچەی پێنجوێن سەرەڕای ئەوەی

لەبەروبوومی کشتوکاڵیدا پێشەنگە وەلەڕووی ئاژەڵداری و بەخێوکردنی پەلەوەرو ماسی بەرهەمی زۆری هەیە وە ڕێژەی ئاژەڵ لەسنورەکەدا بریتیە لە (٧٦٣٥٠) سەرە وە لەوڕێژەیە (٤٩٦٦٥٠) سەرمەڕە (١٦٢٠٠) بزنە،وە ولاخ وگا (١٠٥٠٠) سەرە، ئەم ڕێژەیە بەردەوام لەگۆڕاندایە، بەهۆی ئەوەی ناوچەی پێنجوێن لەگەڵ ئێران هاوسنوورە بەبەردەوانی ئاژەڵ داران ئاڵوگۆڕو کڕین و فرۆشتن لەنێوان هەردوسنور ئەنجام دەدەن سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ ئێران مامەڵە دەکەن ئەوا ئاژەڵ بەقەزاو ناحیەکانی تری باشوری کوردستان دەفرۆشن ،پێویستە ئەوە لەیاد نەکەین کەتائیستا لەپێنجوێندا وەک پێویست شوێنی (گەوڕوگەلەخانی ) تایبەت وسەردەمیانە دروست نەکراوە ، تەنانەت چاودێری تەندروستی (ڤێتەنەری) هێشتا بەتەواوی گەشەی نەکردووە، تابتوانرێت ژمارەی ئاژەڵەکان زیادبکرێت وە (وەچەی تایبەت) بەگۆشت وهەوای

ناوچەکە پەرەی پێبدرێت کە لەهەردوو بواری بەروبومی گۆشت) و بەروبومی سپیایدا بێتە داهاتێکی گرنگ بۆ ناوچەکە ، دیارەبەهۆی ئەوەی کەوەک وولاتانی پێشکەوتوو وتائێستا ناتوانرێت بەرێگەی باش وسەردەمیانە ئاژەڵ بەخێو بکرێت ، هەرئەمە وای کردووە بەرهەمی سپیایی لەناوچەکە کەم بێت ئەگەر وەک وولاتانی تر (تورکیا ، هۆڵندا) کارگەیەک بۆدرووست کردنی بەروبومی سپیایی بونی هەبوایە، ئەوا ئاژەڵداری باشتر لەناوچەکە ئامانجەکەی خۆی دەپێکا سەرەڕای ئەوەی پێویستمان بەبەرهەمی دەرەکی نەدەما دەتوانرا هەلی کاری زیاتر بڕەخسێنرێت وحکومەتیش لەم کارگانە داهاتێکی باشی دەست بکەوێت ئەوەمان لەیاد نەچێت کەبەهۆی ئەو شەڕوشۆڕەی لەناوچەکە ڕوی داوە ڕووبەرێکی بەرفراوانی لەوەڕگاکان هەتا ئێستاش بەهۆی (مین وتەقەمەنیەوە) قەدەغەکراوە لەبەکارهێنان وهەمیشە

مەرگێکی شاراوەیە بەڕووی گەشەکردنی ناوچەکە وەناوچەی پێنجوێن لەڕووی سامانی پەلەوەرەوە خاوەنی (١٦) کێڵگەی پەلەوەربەو سالانە نزیکەی (٢٠٠٠) تەن گۆشتی سپی بەرهەم دەهێنێت وە ئەو گۆشتەش هەناردەی ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان دەکرێت ئەوگوندانەی کەلەسنورەکە کێڵگەی پەلەوەریان تێدایە گوندەکانی:-

(کێلو، ڕاوگان ،کانی مانگا ، ئاروزەر ، کواوا ، نزارە ، مەسۆ ، هەنگەژاڵ ، سەربرالە ، میراوا ، باراوە ، گلێنەبەڕۆژ) وەدیسانەوە ئەگەر کوشتارگەیەک لەناوچەکە هەبوایە دەتوانرا مریشک بەشێوەیەکی زانستی پاک بکرێت وهەناردەی ناوچەکانی تربکرایە لەسنوری پێنجوێن نزیکەی (٧) کێڵگەی بەخێوکردنی ماسی هەیە کەبەرهەمی ئەم پرۆژانە نزیکەی (١٢ بۆ١٤ ) تەن گۆشتی ماسی بەرهەم دەهێنن زیاتر ئەوبەرهەمانە لەناوهەرێمی کوردستان دا بەکاردەهێنرێت

ئەوکێڵگانەش لەم گوندانە پێکهاتون بریتین لەگوندەکانی (ڕاوگان ، جۆمەرەسی ،سوراو ، گلێنەبەرۆژ ، ڕەشان ، احمد کلوان) وە لە ناوەندی پێنجوێنیش کێڵگەیەکی پەروەردەی ماسی هەیە،بەهۆی زۆری وسازگاری سەرچاوەکانی ئاو لەناوچەکەدا دەتوانرێت برەو بدرێت بەپەروەردەی ماسی بەتایبەت لەهەندێک شوێنی گوندەکۆنەکاندا کە ئێستا بەهۆی ڕێگەی هاتوچۆوە شوێنەکانیان نزیک کراوەتەوە لەڕێگاسەرەکیەکان دەکرێت کانی وئاوی گوندە کۆنەکان بکرێتە سەرکەوتوترین کێڵگەی پەروەردەی ماسی وە تەنانەت جۆری تایبەتیش وەک (سەلەمۆن) بەرهەم بهێنرێت،کەدەکرێت ڕێژەی بەرهەمی ماسی وئاژەڵداریشی پێ زیاد بکرێت ،وە پێویستە ڕەچاوی سنوری جوگرافی ناوچەکە بکرێت لە مەرجەکانی پێدانی مۆڵەت ئاسانکاری بکرێت، تاهاووڵاتیان بتوانن داواکاری زیاتر پێشکەش بکەن ئەمەویت ئەوەش باس بکەم

کەئەگەر لـەم ناوچـەیە چەند کارگەیـەک بکرێتـەوە لـەبوارەکانی کشتوکاڵی بەسەرجەم بەشەکانیەوە ئـەوە دەبێتـەهۆی زیادبوونی بەرهـەم دواتـر زیـادکردنی داهـات، وەڕەخساندنی هـەلی کـار بۆسـەرجەم چـین وتوێـژەکانی ناوچـەکە وەجولاندنـەوەی بـازاڕی ناوچەکە ئەو کارگانەش کەپێویستن هەبن لەناوچەکە بریتین لە:-

١. کارگـەی دۆشـاوی تەماتـە ئەمـەش لـەبەر خراپی ڕێگاوبـان ودرەنگ گەشتنی بەرهەمی تەماتە بۆ ناوچەکانی تر بەشێکی زۆری تەماتەکەی بێسوود لـەناو دەچێت وەدەتوانرێت ئەوبەشە گـەیوەی بکرێتــە دۆشـاو لەڕێگـەی ئەوکارگـەی دادەمـەزرێت هـەروەها لــەوەرزی نــەمانی تەماتەشـدا دەتوانرێـت بۆئـاوی میوەکـــــــانی تـــــــر بـــــــەکاربهێنرێت

٢. بوونی کۆگای ساردکەرەوە لەڕێگـەی سیستـەمی تایبەتـەوە بۆهـەڵگرتنی میـوەو سـەوزە کەئەمـەش یارمـەتی مانـەوەی

بەروبوومەکە دەدات و سودێکی باشیشی بۆجووتیاران دەبێت وەدەتوانرێت پارمەتی دەرێکی باشیش بێت بۆئەو شتومەکانەی لەووڵاتی ئێرانەوە دێت لەم ساردکەرەوانەداهەڵبگیرێت

٣- دامەزراندی کارگەی لەقتونانی بەرهەمەسپیەکان ئەمەش بەهۆی ئەوەی پێنجوێن خاوەنی زۆرترین گوندە دەتوانرێت بەم کارگەیە هانی ئاژەڵ داران بدرێت بۆزیاتر کردنی ئاژەڵ وگەڕانەوەیان بۆگوندەکانیان

٤- گرتنەبەری شێوازی نوێی بازاڕگەری بەدروست کردن ودامەزراندنی عەلوە بۆناوچەکە چونکە تائێستا هیچ عەلوەیەک لەناوچەکە بوونی نیە ئەم عەلوەیە یارمەتی دەر دەبێت بۆکارئاسانی بۆجوتیاران تابتوانن بەرهەمەکەیان ئاسانتر بفرۆشن

تێبینی:- تائێستا لەناوچەکە یەک کارگە بوونی هەیە ئەویش کارگەی قارچکە وەئەو کارگەیە ئەگەر لەلایەن حوکمەتەوە هاوکاری بکرێت دەتوانیت بەرهەم بۆهەمووناوچەکانی هەرێمی کوردستان دابین بکات

---

گرفتەکشتوکاڵیەکانی ناوچەی پێنجوێن بریتین لە :-

١ـ نەبوونی خزمەت گوزاری کشتوکاڵ بۆجوتیاران لەلایەن حوکمەتەوە وەکو ( پەینی کیمایی و سەمادو دەرمانی پێویست بۆکشتوکاڵ)

٢ـ نەبوونی پێشینەی کشتوکاڵ ئاسانکاری بۆئەوکەسانەی دەیانەوێت کشتوکاڵ بکەن ئەگەر پێشینەش هەبێت ئەوا بڕەکەی زۆرکەمە

٣ـ نەبوونی بەنداو بیری ئیرتیوازی گەورە لەناوچەکە کەهەلکەوتەوبەرزونزمی ناوچەکەو بونی دۆلی قوڵ لەڕووی

ئەندازیاریەوە زۆرئاسانکاری تیدایە بۆ گلدانەوەی ئاو

٤ـ نەبوونی ئامێری کشتوکاڵی پێشکەوتوو وسەردەمیانە بۆجوتیاران لەناوچەکە دیارە لەناوچەکە گرفتی لەوە زیاترە کەخراونەتەڕوو بەلام ئێمە گرفتەدیارو بەرچاوەکان وهەنووکەیەکانمان خستۆتەڕوو وە بەروبومی ترهەیە کەدەتوانێت لەناوچەکە تاقی بکرێتەوە لێکۆلینەوەی لەسەر بکرێت وەپێویستە هەولی زیاتر بدرێت بۆزیادکردنی جۆری بەرهەم

٥ـ دامەزراندنی کۆمەلەی هەرەوەزی جوتیاران کە بەهۆی کردنەوەی خول وڕێنمایی وگفتوگۆی نیوانیانەوە لەئەزموونی یەکتر شارەزابن و دامەزراوە حکومیەکانیش ڕێنمایە تایبەتی کەش وهەواو سەرجەم کەموکوتیەکانیان بۆ دەست نیشان وچارەسەربکەن

---

لەم بەشەدا پشت بەو سەرچاوانە بەستراوە کە لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی پێنجوێن وەرگیراوە .

پێنجوێن لەلای من وەک بەهەشت وایە   چونکە پێنج وێنەی سروشتی تیایە

کەشەبەق ئەدا سەیـــــری کەی بەدڵ   بوکێ ئەبینی لەژێر تـــارای گوڵ

کەدەرکەوت زەردەی بەری بەیانی   لوبنان شکێنە ببــمە قوربـــانی

کەهەتاو لەگەل ســەردەرئەهێنێ   رووخساری پێنجوێن پێنج سینە دێنێ


کاتێ زەردەپەڕدەمـــی ئێواران   چەندخۆشە قاسپەی کـەوی نساران

شەویش بەدەنگی تاق تاق کەرەی شەو   چاوی ماندوان پڕ ئـــەبێ لەخەو

ئەوەیە پێنجوێن خاوەن پێنج وێنە   موفتی ناوی نا لـــوبنان شکێنە


جمال جلال

# پێنجوێن لەرووی گەشتیارییەوە



بلکیانی پێنجوێن


CamScanner



چوارباخی پێنجوێن



چیاکانی پێنجوێنی سەرەوە

لەوساتەوەی مرۆڤ چاوی بەژیان هەڵ هێناوە دوبارە بونەوە دیمەنە ڕۆژانەکان هەمیشە وای لێکردووە هەوڵی شوێن گۆڕکێ وتێبینی کردنی ئەو دیاردانەی لەشوێنەکانی ترو دەوروبەردا هەیە گۆڕانکاریان تیادا بکات وە هەمیشە بۆماوەیەکی دیاری کراو لەدۆخێکدانەیان هێڵێتەوە بۆیە خولیای گەڕان وتێبینی کردنی ئەو دیاردانەیە کەلەشوێنەکەی خۆیدا نەبینراون ، کەمەن کێشی دەکات بۆبەسەربردنی کات وچێژ وەرگرتن کەئەمە لەزانستی نوێدا پێی دەگوترێت گەشتیاری کەوابوو مرۆڤ بۆ مەبەستێکی دیاری کراوگەشت دەکات ،بۆ شوینەکانی تر کەدەتوانین کورتیان بکەینەوە لەم خالانەدا:ـ

مەبەستەکانی گەشتیاری

١- بەسەربردنی کاتێکی خۆش لەشوێنە نوێیەکەدا

٢- سودوەرگرتن لەئەزموونی ئەو شوێنەی کە گەشتی بۆ دەکات

٣- تێکەلاوبوون وبەریەکەوتنی کەلتورەکان کە داهێنانی نوێ لەبواری شارستانیەتدا دێنێتە دی

٥- دەربازبونی مرۆڤ لەو ژاوە ژاو ژینگە پیسەی کە ئەمرۆ لەشارەگەورەکاندا هەیە

بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجەکانی کەش وهەواو خاک وشوێنەوارە دێرینەکان ومەزارەگەورەو کەسایەتیە ئاینیەکان دەتوانین بلێین پێنجوێن یەکێکە لەو ناوچانەی کە دەتوانرێت لەبواری گەشتیاریدا بێتە سەرچاوەو دەسخەری دەرامەتێکی باش و دروست کەری هەلی کار بۆ دانشتوانەکەی ، بەتایبەت

کە لەنەخشەی دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە وەک دەروازەیەکی سنوریش لەگەڵ وولاتی ئێراندا هاوسنورە بێگومانین لەوەی کە ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر شێوازی ژیانی مرۆڤدا هاتووە بەتایبەتی لەکۆتایی هاتنی سەدەی بیستەمدا وە پێش کەوتنە تەکنیکیەکان وایان کردووە سەیران وگەشت ببێتە دیاردەیەکی بەردەوام کە ئەگەر لەپشووی هەفتەدا (هەینی ) گەشت نەکرێت ئەوا دوو هەفتە یاخود مانگێک جارێک هەموو خێزانێک گەشت دەکات ،

دەتوانین هەندێک تایبەتمەندیەکانی پێنجوێن دیاری بکەین کە دەبێتە هۆی ئەوەی بیکەینە پێشەنگ بۆ شوێنێکی گەشتیاری

١- بونی سەرچاوەی ئاوی سازگار کە بەشێکی زۆری کانیاوەکان بەقەدپاڵی چیاکانەوەیە هەندێکیشیان نزیک دەبنەوە لەلوتکەی چیاکان ئەمەش وای کردووە ومەودای تێبینی و سروشتێکی فراوان بۆ چاوی گەشتیار بخولقێنێت

٢- بارینی بەفرێکی زۆر لەزستانداوە بوونی قەدپاڵی چیاکان هەلومەرجێکی زۆر لەبار دەخوڵقێنێت بۆ زستانە گەشت وبەتایبەتی وەرزشی خلسکانی سەر بەفر کە دەتوانرێت چەند گۆڕەپانێکی بەفر(خلیسکان) لەپێنجوێندا دروست بکرێت

٣- کەش وهەوای پێنجوێن لەگەڵ ئەوەی زستانی زۆر ساردەو پلەکانی گەرما تا ١٠پلە ژێر سفر یان (١٥)پلە ژێر سفر دەڕوات بەلام لەبەهارو هاوین وپاریزدا کەش وهەوایەکی مام ناوەندی هەیە کە هەمیشە مرۆڤ هەست بەئاسودەیی دەکات تیایدا

٤- بوونی دارستانی سروشتی چڕو پڕوچەندین گژوگیای خۆراکی جۆراو جۆر و دەرمانی تایبەت بەکوێستانەکانی پێنجوێن وای کردووە هەمیشە جێگەی سەرنج وتامەزرۆی گەشتیاران بێتبۆ ناوچەکە

٥- بوونی کۆمەڵێک شوێنەواری دێرین وەک (قەڵای کچێ، بیستان ،قەڵای دارۆخان،ئەشکەوتی فەقێیان لەگوندی وێنە،قەڵای قزلجە ، قەلا دێڵەبەشی سەرەوەی پێنجوێن ) جێی سەرنجن وەدەکرێت کە بکرێتە ناوچەی گەشتیاری زۆر گرنگ

٦- بوونی مەزارگەی پیاوانی ئاینی هەمیشە جێی سەرنج بووە دەکرێت لەبواری گەشتیاریشدا سودێکی گرنگ بگەیەنن وەک مەزاری (الیاسە فرە،حاجی شێخی پێنجوێن ،مەزاری مەلاعبدالرحمانی گەورە لەمزگەوتی پاشای پێنجوێن،مەزاری موفتی پێنجوێنی شاعیر ،قانعی شاعیرلەگوندی لەنگەدێ، وەتەکیەی شێخانی چویسە ، تەکیەی شێخ حسینی شێخ کاکە حمەی کەسنەزانی ) ئەمانەش هەموو جێی سەرنجی کۆمەڵێک گەشتیارن کە سەردانی پێنجوێن دەکەن



CamScanner

تێبینی /

ا- الیاسەفرە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی پێنجوێن پێشترو لەئیستایشدا خەلکی ناوچەکە وەک شوێنێکی پیرۆز سەیریان کردووە

ب- مەزاری مەلا عبدارحمانی گەورە دەکەوێتە پێنجوێنی سەردوە ناو مزگەوتی پاشا

ج- مەزاری موفتی شاعیر دەکەوێتە ناو گۆڕستانی حاجی شێخی پێنجوێن بەرامبەر قوتابخانەی سەرەتایی پێنجوێن وە موفتی شاعیرلەسالی (١٨٨١)لەدایک بووە لەسالی (١٩٥٢) کۆچی دوایی کردووە یەکێکە لە شاعیرەناسراوگەورەکانی کورد

د- مەزاری قانعی شاعیر لە گوندی لەنگەدێی سەربە ناحیەی گەرمکی سەربەقەزای پێنجوێنە وە قانع یەکێکە لەشاعیرە ناسراو گەورەکانی کورد

ز- تەکیەی شێخ حسێنی شێخ کاکە حمەی کەسنەزانی دەکەوێتە گەڕەکی مامۆستایانی پێنجوێن لەدوای راپەرینەوە( شێخ حسین شێخ کاکە حمە) کردوێتیەوە سەربە ڕێبازی تەریقەتی قادریە مدیروشوین کەوتوانی لە رۆژهەلاتی کوردستان زۆرە

٧- وەک شێوازی ژیان وهەڵسوکەوت پێنجوێنیەکان هەمیشە خەڵکانی ئاشتی خوازو میوان نەوازبوون بۆیە هاتنی کەسانی دەرەوەی پێنجوێن هەمیشە جێگەی ڕێزبووە لەلایان ئەگەرچی پێشتر لەڕووی ئابوریەوە وەک گەشتیاری بەدەمەوە چونی گەشتیاران دەست کەوتیان نەبووە بەلام دەکرێت لەمەودوا بەشێوازێکی نوێ ئەوسادەیی وئاشتی خوازییەی پێنجوێن سودی لێ وەربگرێت بۆ سەرنج ڕاکێشانی گەشتیاران و بشکرێتە سەرچاوە ی داهات

٨- بونی (سێ ) ڕوبارۆچکەی ناوازە کەبریتین لە چەمی گۆگە سور کە لەگوندی توتمانەوە دەست پێ دەکات وە لەدەراوی کانی مانگاوە بەرەو نالپارێز درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە گوندەکان شارباژێر ، چەمی گەورە کە ڕاستەوخۆ لەتەنیشتی پێنجوێندایە لەسنوری ئێرانەوە دەست پێ دەکات بەدامێنی پێنجوێندا لەدۆلیکی قولەوە درێژ دەبێتەوە تادەگاتە

گوندەکانی شاربازێڕ، چەمی شلێروسوراو لەملەی ناوخوانەوە دەست پێ دەکات بەنێوان گوندەکانی شلێردا درێژ دەبێتەوە تا لەناوچەی دوو ئاو تێکەڵ بەچەمی گەورەوگۆگە سوردەبێت بەشاربازێڕدا تێ دەپەڕێت کەسەرجەم کەنارەکانی بونەتە شوێنی سەیرانگای سروشتی کە دەکرێت بەکەمێک پەرەپێدان ببێتە جێی سەرنجی گەشتیاران بۆ ناوچەکە بۆنمونە سەیرانگای (شێخ ئەلَوان)

وەدەتوانین بلێین گوندەکانی پێنجوێن سەرجەمیان (٢٠٠) گوندو قۆخ وکانی وئاوە شوێنی سەیرانگای سروشتین کە بەکەمێک خزمەتگوزاری دەبنە ڕکابەری شوێنەکانی تر لەجوانیدا ، دەتوانین ئامازە بەیەکێک لەو سەیرانگا یانە بکەین کەتاکە شوێنە کە لەدەستەی گەشتوگوزاری هەرێم دەست نیشان کراوە لەسەر ئاستی هەرێم خاوەنی ناوبانگێکی باشە لەگەڵ ئەوەی سازگارترین سەرچاوەی ئاوی لێیە بەلام لەڕووی

ئامادەکردنی شوێنی گەشتیارییەوە هێشتا گرنگی پێ نەدراوەو تەنها جێگەی (دوو تا سێ) خێزانی تیادا دەبێتەوە. سەیرانگای بلکیان نزیکەی (٣) کم لە ناوەندی پێنجوینەوە دورە وە لە ئێستادا ڕێگاکەی قیرتاوە بە ئاسانی دەتوانرێت سەردانی ئەو شوینە بکریت بلکیان چەند باخێکی تێدایە کە تا ئێستا خاوەنی هەیە و لە کونەوە بۆ خاوەنەکانیان جێماوە لەم سالانەی دوایدا بەشێکی کەسەرچاوەی ئاوەکەی تێدایە، لەلایەن کەسێکەوە کرا بەلام لە دوایدا حکومەتی هەرێم کڕییەوە تائێستاش ڕوون نیە ئەم بەشە خاوەنەکەی حکومەتە یان حزبێکی دیاری کراو ئەم سەیرانگایە ڕووبەرێکی فراوانی نیە ئەمەش بەهۆی ئەوەی زۆربەی باخەکانی خاوەنی هەیە حکومەتی هەرێم تائێستا ئەوباخانەی نەکڕیوە تەوە تاسنورەکە فراوان بکات بەوپێیەی بلکیان ئاوێکی سازگاری هەیەو ئەم ئاوەخۆڕسکانە دێتەناوبلکیان کەوتۆتە نێوان چەندچیایەکی

بەرزووسەرکەش هەرئەمەش وای کردووە لەوەرزی هاویندا هەوایەکی فێنکی هەبێت کەگەشتیاران هەست بە ئاسودەییەکی زۆربکەن ئەم سەیرانگایە سالانێکی دووروودرێژە بونی هەیە لەناوچەکەولەکۆندا خەڵکی تەنهاوەکو باخ سودیان لێ وەرگرتووە بۆیەتائێستاش بۆ هەندێک لەخاوەنەکانیان سەرچاوەی داهاتە ،بلکیان لەلایەن حکومەتی هەرێم هیچ ئاوڕێکی جدی لێ نەدراوەتەوە کە  پێویستە حکومەت ئەم سەیرانگایە وەکو گوندێکی گەشتیاری لێ بکات ئەگەرچی لەسەردەمی ڕژێمی پێشوەوەئوتێلێکی گەشتیاری تێدا دروست کرا بەلام تائیستا ڕوون نیە خاوەنداریێتی وچاودێری لەلایەن کێوە دەکرێت ،پێویستە شوێنی حەوانەوەی وەکو هوتێل وموتێل بۆدابین بکرێت، بۆئەوەی گەشتیاران شەوڕۆژ بمێننەوەو ئاسایشی تەواوبۆ ناوچەکە دابین بکرێت و زیاتر ڕوولەم سەیرانگایە بکەن بە ( ٥٠٠ ) مەتر بەرلەوەی بگەیتە بلکیان

(چوارباخ) هەیەو چوارباخ لەکۆندا باخی چوار برابووەوە ناوەکەشی لەوەو هاتووەبەلام لەئێستادا بەهۆی زۆربوونی بنەماڵەکانیانەوە زیادی کردووە بۆ چەندین باخی بچوک چوارباخ بەهۆی ئەوەی بەدەست خاوەنەکانیانەوەیە هەوڵ نەدراوە بکرێت بەسەیرانگاو تائیستاش بۆ ئەو مەبەستە بەکارنەهێنراوە بەڵکو تەنها خاوەن باخەکان بەکاریان هێناوە چوارباخ سەرچاوەی ئاوەکەی ئەو ئاوەیە کە بۆ بەشێک لەگەڕەکەکانی پێنجوێن دابین کراوە لەڕێگەی تەنکی گەورەوە چوارباخ چەندین درختی بەرداری تێدایە هەروەکو چۆن بلکیانیش بەهەمان شێوەیە وە ئەو درەختانەش بریتین لە(داری گوێز ، هەرمێ ناسکەو ، هەرمێ گولاوی ، مێوی ترێ )

ئەگەر بەرەو باکوری پێنجوێن بڕۆین ئەوا چەند سەیرانگایەکی دڵگیرو دەبینین لەوانە :ـ

( سێ چاکان )

نزیکەی (٤)کم دورە لەقەزای پێنجوێنەوە وەئەم سەیرانگایەش خاوەنی سیمای جوان و داروو درەختی چڕوپڕە کەلەناو خۆی پێنجوێنەوە زۆرێک لەدانیشتوانی ناوچەکەلەوەرزی بەهاردا سەردانی دەکەن ئەمیش بەدەرنیەلە کەمورکوڕی بەلام بەوپێیەی شوێنێکی دڵگیرو قەشەنگە خەڵکی سەردانی دەکەن ،وەلەم سالانە دواییدا پرۆژەی بەسەیرانگاکردنیان بۆ دەرچووە ، بەلام بەداخەوە هێشتا تەواو نەکراوە .

(سێکوان )

نزیکەی (٣,٥) کم دورەلە قەزای پێنجوێنەوە وەئەم سەیرانگایەش نزیکە لەسەیرانگای سێ چاکان ونۆبوکە ،سەیرانگای نۆبوکیش یەکێکە لەوسەیرانگایانەی کەنزیکە لەودوسەیرانگاییەی ترەوە وەتائێستا هیچ خزمەت گوزارییەکیان بۆنەکراوە وەحوکمەتی هەرێم ئەتوانێت ئەم سەیرانگایانە گەشە پێبدات و وابکات کەگەشتیارێکی زۆرتر سەردانی بکات ئەمەش بەدروست کردنی هەندێک هوتێل وموتێل وەئەمەش کار ئاسانی دەکات بۆمانەوەی ئەوگەشتیارانەی کەلەوولاتی ئێرانەوە دێن سەرەتا گەشتێک بەناو پێنجوێندابکەن وسازگاری ئاو هەواکەی ببینن وببێتەهۆی بەدەست هێنانی سود بۆناوچەکە شایەنی باسە ئەو گەشتیارانەی کەلەوولاتی ئێرانەوە دێنەپێنجوێن ڕاستەوخۆ ڕوولە شارەکانی تری هەرێم دەکەن ئەمە لەکاتێکدایە

کەپێنجوێن خۆی ناوچەیەکی گەشتیاریە، بەهۆی ئەوەی هیچ ڕێبەرێکی چاک وگونجاوی نیە لەناوچەکە ئامادەش نەکراوە وەکوشارێکی گەشتیاری وەیەکێک لەو سەیرانگایانەی تر کەلەسەر ئاستی ناوچەکە ناوبانگێکی باشی هەیە ئەویش سەیرانگای (گۆلێیە) وەدەمەوێت ئەوەش ڕوون بکەمەوە کەهەندێک لەوسەیرانگایانەی من لەم کتێبەدا باسی دەکەم لەلایەن گەشت وگوزاری هەرێمەوەبەفەرمی نەناسراوە سەیرانگای (گۆلێ) نزیکەی ( ١٤ ) کم دوورە لەشاری پێنجوێنەوە لەبنەڕەتدا (گۆلێ) گوندە بەلام بەهۆی ئەوەی لەم گوندە ناوچەیەکی فێنک وئاوێکی سازگارودیمەنێکی جوان وسەرنج ڕاکێشی هەیە گەشتیاران وەک سەیرانگا سەردانی دەکەن ڕووبەری گۆلێ فراوانەو بەهەمووشێوەیەک حکومەت دەتوانێت بیکات بەناوچەیەکی گەشتیاری گرنگ چونکە تاڤگەی ئاوی تێدایە، چەمی شلێر ڕاستەوخۆ بەبەردەمی

گۆلێدا دێتە خوارەوە وە زۆرێک لەگەنجانی ناوچەکەش وەک مەلەوانگە سەردانی دەکەن بەهۆی ئەوەی ئاوێکی پاکی هەیەو شوێنێکی گرنگە بۆمەلەکردن وەسەرچاوەیەکی ئاوی گەرم (گەڕاو) هەیەکەدەتوانرێت فراوان بکرێت وببێتەخالێکی تری بەهێزی گەشتیاری ئەم ناوچە بە زۆری لەوەرزی هاویندا گەشتیاران ڕووی تێدەکەن ئەوگەشتیارانەشی ڕووی تێدەکەن لەشاری سیلێمانی وناوچەکانی ترەوە سەردانی دەکەن لەبەرئەوەی لەوەرزی هاویندا پلەی گەرمی لەم ناوچەیە لە ناوچەکانی تر زۆرتر نزمە وەلەئێستادا شوێنی مانەوەی تێدانیەو گەورەترین گرفت لەم ناوچەیە کەشوێنی مانەوەو حەوانەوەی گەشتیارانە وەنەبونی بازاڕێک لەناوچەکە تاگەشتیاران بتوانن بۆئەو پێداویستیانەی ئەیانەوێت بەکاری بهێنن ئەمەش کاریان گرانتردەکات وکەمتر ڕوودەکەنە ئەم سەیرانگایە ئەگەر ئەم سەیرانگایە بەشێوەیەکی گونجاو

ڕێکبخرێت ئەوا دەبێتە هۆی بەدەست هێنانی داهات بۆحکومەت ودانیشتوانی ناوچەکە

---

ڕونکردنەوە /

پێنجوێن خاوەنی چەندین سەیرانگای ترە کە لێرەدا نەخراونەتە ڕوو بەهۆی ئەوەی ئەو سەیرانگایانە نەبونەتە شوێنیکی بەردەوامی گەشتیاری یان تایبەتن بە چەند کەسێکی دیاری کراو خاوەنداری دەکرێن وە ئێمە بەگشتی سەیرانگا گرنگەکانی ناوچەکەمان خستۆتە ڕوو .

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین گرفتەکانی گەشەنەکردنی گەشتیاری لەپێنجوێندابەچەند خالێک بخەینەڕووکە ئومێد دەکەین وەک پێشنیازیش کاری لەسەربکرێت چ لەلایەن حکومەت ودەزگا پەیوەندیدارەکانەوەوچ لەلایەن کەرتی تایبەت ودانشتوانی پێنجوێنەوەکەئەمانەن:-

١- نەبوونی ڕێگایەکی گونجاو لەناوچەکە کەئەمەش لەگرفتە بازرگانییەکان ئاماژەیان پێدراوە

٢- نەبونی بنکەیەکی گەشتووگوزاری یان بەڕێوەبەرێتیەکی گەشتوگوزارئەمەلەکاتێکدایە کەئەم ناوچەیەخۆی شوێنێکە بۆگەشتوگوزار گرنگە

٣- نەبوونی ڕێنیشاندەری گەشتیاری کەئەمەش زۆر گرنگە بۆناوچەکە وەلەبەرەو پێشچونی ناوچەکە دەبێتە هۆی

ڕەخساندنی هەلی کار بۆ هەندێ لەتازە دەرچوانی بەشی گەشت وگوزار وزمانەکان لەناوچەکە

٤ـ نەبونی هیچ خزمەت گوزارییەک لەناو ئەو سەیرانگایانەی کەگەشتیاران ڕووی تێدەکەن بەتایبەتی شوێنی مانەوە بۆ چەند ڕۆژێک دابین کردنی دڵنیایی وئارامی تەندروستی وئاسایش

---

تێبینی /

ناوچەکە لەڕووی گەشتیاریەوە چەندین گرفتی تری هەیەکە پێویستە لەلایەن کەسانی شارەزاوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت بەلام ئێمە گرفتە دیارو هەنوکەیەکانمان خستۆتە ڕوو کە شایەنی چارەسەرکردنی بەپەلەن .


# پێنجوێن

# لەڕووی

# سامانی سروشتییەوە



شاخی ئاسنەوەی پێنجوێن



گردێک لەچیایی ئاسنەوە

سامانی سروشتی بەو دەرامەت وکەرەستە خاوانە دەوترێت کە بەشێوەیەکی خۆڕسک وبەگوێرەی هەلومەرج وهەڵکەوتەی شوێنەکان لەڕووی جوگرافیاو جیۆلۆجیەوە بونی هەیە بێ دەسکاری مرۆڤ وە مرۆڤ لەسەرەتای ژیانیەوە لەڕێگەی سامانی سروشتییەوە ژیانی گوزەراندووە چ بەکۆکردنەوەی بەروبومە سروشتییە خۆراکییەکان چ بەگۆڕینی کەرەستە خاوەکان هەر لەسەرەتای بەکارهێنانی بەرد (چاخی بەردین) وە پاشان دۆزینەوەی کانزاو تێپەڕبوونی بەقۆناغەکانی پێشکەوتنی زانستی دەرهێنانی وپوختەکردنیان وە پاشان بەکارهێنانیان لەوبوارەی کەپێویستەتی ، لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بلێین پێنجوێن وەک ڕووبەرێکی جوگرافی بەپێی ئەوەی کە لەتەختایەکانیدا (١٤٠٠) مەتر لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە ریز بوون وپێکهاتەی توێژاڵەکانی توێکڵێکی زەوی کۆمەڵێک کانزای سروشتی لەخۆ گرتووە ، هەروەها

سەدەی بیستەم وەک سەرچاوەی سەرەکی بەرهەم هێنانی کەتیرە (صمغ) هەروەها بونی ژمارەیەکی زۆر لە (دارە بەن) واتە درەختی قەزوان کە هەم بەروبومەکەی وپاش هەندێک کاری تایبەتی تیایدا بنێشتی کوردی لێ دەردەهێنرێت،وە وەک (دەرمانی پزیشکی) سەیردەکرێت هەروەها دارستانە سروشتیەکان کەدروست کردنی کەرەستەکانی کشتوکاڵی سەرچاوەی سەرەکی کەرەستەی خاون لەکۆندا سەرجەم پێکهاتەکانی (هیرەق وهەوجاڕ) بەگا ڕاکێشراون وزەویان پێ دەکێلرا ڕاستەوخۆ لەدرەختی ئەم دارستانانە دروست دەکران وە هەروەها درختی ( مازوار) کە کۆمەڵێک بەرهەمی تایبەت لەمازوو(سێچکە ) وە (قژگە)کە شۆکەی لێ دەردەهێنرێت کە شیرینییەکی تایبەتە ، وە سەرجەم دەسکی ئامێرە کشتوکاڵیەکان لە پەلی ئەم درەختانە دروست دەکرێن ، لە کلاوی بەڕوو( جەوت) بەکاردەهێنرێت بۆ خۆش کردن

وپاکردنی پیستی ئاژەڵەکان کە سەریان دەبڕین ، وە لەگەڵای درەختەکان سەرباری ئەوەی کە وەک ئالیکی زستانە بەشێکی گڵ دەدرایەوە بەتایبەت بۆ پەروەردەکردنی (بزن) هەروەها بەشێکی لەهاویندا بە ڕێگەی تایبەت وشک دەکرایەوە پاش کوتینی گەزۆی لێ پوختە دەکرا هەروەک لە قورئانی پیرۆزیشداخوای گەورە دەفەرموێت (وانزلنا عليكم المن والسلوى)

واتە( لە ئاسمانەوە گەزۆو شۆکەمان بۆ دابەزاندون )

وە لەڕووەکە سروشتیەکانیش جگە لەوانەی کەبۆ خۆراک بەکاردەهێنرێت وەک (ڕیواس ، پیچک ،کنگر ،گیلاخە، هاز، مەنێ، گۆزروان) هتد....وە جگە لەبەکارهێنانی هەندێک ڕووەک وەک دەرمانی سروشتی

دووەم :-

ڕیزبونی تاوێرەکان وچینە جیۆلۆجیەکان کۆمەڵێک سامانی سروشتی بەخشیوەتە پێنجوێن دیارترینیان کانزای ئاسن کە لەئیستادا چیایەک کە دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەلاتی پێنجوێنەوە پێنجوێنیەکان بەچیای ئاسن کولێن ناوی دەبەن ئەمەش نیشانەیە بۆ ئەوەی کەلە کۆندالە ڕێگەی کولاندنەوە پوختەکردنی تیادا کرابێت کەلەم سالانەی دوایدا لە سەدەی بیستەمدا دەرهینانی بەشێوەیەکی فراوان دەستی پێ کرد ، بۆ تێکەڵ کردنی لەگەڵ کەرەستە خاوەکانی (چیمەنتۆدا ) وادەردەکەوێت چینە قولەکانی ئەم ئاسنە بەژێر زەویدا درێژ بێتەوە چونکە لەناوچەی میشیاویش کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەلاتی پێنجوێن ئەم ئاسنە بەئاشکرا بونی هەیە بەلام بەداخەوە کە وەک پێویست گرنگی پێ نەدراوە وە نەبۆتە سەرچاوەیەکی سەرەکی داهات بۆ ناوچەکەو خستنەگەڕی

دەستی کاری ناوچەکە ، هەروەها لەسەرجەم قەدپاڵی چیاکاندا تاوێرە مەڕمەڕەیەکان بونیان هەیە ،کەزۆریان لە ڕەنگ وبونی ئەو هێڵانەی کەتیاندایەلەیەکتری جیاوازن کەئێستا بڕێکی کەمیان لێ دەردەهێنرێن بۆکەرەستەی خاوی کارگەکانی کاشی وبەردی مەڕمەڕ وە ئەوەی جێی داخەکەلەناوچەکەدا تائیستا وەک پێویست شیکردنەوەو پشکنینی تایبەتی زانستیانە بۆخاک وبەردی ناوچەکە نەکراوە تابزانرێت چەند کانزای تر لەناوچەکەدابونی هەیە لەگەڵ ئەوەی لەپەنجاکانی سەدەی ڕابردوو تاشەستەکان جاروبار تیمی پشکنەری بیانی هاتونەتەناوچەکە و گومانی بونی (مەنگەنیز ، مس ، یۆرانیوم ،هەیکەل ، نەوت ، سکەی دێرین ، بەرد ، خەڵوز ) هتد...لەم ناوچەیەدا هەیە بۆیە بەپێویست دەزانرێت کە حکومەت ودەزگا بەرپرسەکان بەلێبڕاوانە بیر لەوە بکەنەوە کە پشکنین بکرێت ، لەناوچەکەدا هەوڵ بدرێت کە هەرچی زووە

ئابوری بونی ئەو سامانانەی کەلەناوچەکەدا هەیە دەربخرێت ،بۆ ئەوەی ببێتە بنەمای بوژاندنەوەی ناوچەی پێنجوێن و سەرچاوەی داهاتیش بۆ حکومەتی هەرێم .

---

ڕوونکردنەوە:.

قەزای پێنجوێن بە و پێیەی هیچ دامودەزگایەکی تایبەت بە سامانی سروشتی تێدا نیە بۆیە زانیاری ووردتر نەخراوەتەڕوو لەم بەشەدا پشت بەسەرچاوە کتێبەکان و زانیاریەکانی (عزیز بلکیانی) بەستراوە .

## (گوزەرێک بە پێنجوێنی ئێستادا)

دەمەوێت باسێک بەگشتی بۆپێنجوێن بکەم لەناوەندی پێنجوێندا( قوتابخانەو نەخۆشخانەو کتێبخانەو یاریگای تاتان وحمام وپێشانگای ئوتۆمبیل وچەندین فەرمانگەو دووبازاڕی هەیە کەئەمەش بەپێی سەردەم گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە پێنجوێن زیاترلە ( ٦ ) باخچەی تێدایە کەرێژەی سەوزاییەکەی نزیکەی (٤ ٪) ئەمە جگەلەوداروودرەختە خۆرسکانەی لەناوچەکە هەیە ، لەناو پێنجوێندا چەند کارگەیەکی خۆماڵی بچوک هەیە کەبۆپێداویستی ڕۆژانەی خەڵک دامەزراوە وەک ( کارگەی غاز ، کارگەی بلۆک ، پوختەکردنی کردنی چەو لم ) وەئەم کارگانەش زۆربچوکن نەبونەتەهۆی ڕەخساندنی هەلی کاری زۆر ، وەخەڵکی قەزای پێنجوێن لەڕووی کلتوورو قسەکردنەوە نزیکن لەشاری سلێمانیەوە لەئێستادا زۆرێک لەدانیشتوانی کۆنی پێنجوێن

بـەهۆی ئـەو شـەڕوکاولکارییەی لـەڕابردوودا کەڕووبـەڕووی پێنجـوێن بۆتـەوە ڕوویـان لەسـلیمانی وناوچـەجیاجیاکانی کوردسـتان کـردووە ، وەتائێـستا نەگەڕاونەتـەوە هەوڵیـشیان نـەداوە بگەڕێنـەوە بـەلام بەگەڕانـەوەی سـەرمایە دارەکـانی پێنجوێن وخـستنە گـەڕی سـەرمایە کانیـان دەتـوانن پێنجـوێن زیاتر ئاوەدان بکەنەوە .

---

تێبینی /

پێنجوێن خاوەنی چەندین کەسی سەرمایەدارە کە لەدەرەوەی پێنجوێن دەژین ، وە دەتوانن سەرمایەکانیان بخەنە گەڕ لەپێناو جوانترکردنی پێنجوێن ودابین کردنی هەلی کاری زیاتر بۆ خەلکی کەم دەرامەتی ناوچەکە کە ئەمە چەندین خانەوادە لەبرسێتی ڕزگار دەکات بەتایبەتی ئەگەر لەبواری گەشتیاریداسەرمایەگوزاری بکەن،گەیاندنی خزمەتێکی گەورەیە بەناوچەکە من پیم وایە :.

( کەسێک وەفای بۆ گوندەکەی خۆی شارەدێکەی خۆی شارۆچکەکەی خۆی شارەکەی خۆی نەبێت ئەوا هەرگیز وەفای بۆنیشتمانەکەی نابیت وسود بە زێدی کەسانی تریش ناگەیەنێت )

## (دوا ووتە )

هیوادارم نوسین وئامادەکردنی ئەم کتێبە ببێتەهۆی سود گەیاندن بەخوێنەران وبەرپرسانی ناوچەکە ورۆژنامەنوسان وخوێندکارانی ناوچەکە، وەئەگەر هەرکەم وکوڕییەک هەبوو بمان بوورن ئێمە ئێستادەتوانین بەنوسین وخستنەرووی بابەتە گرنگەکان خزمەتێکی کەمی شاری پێنجوێن بکەین، وەئەگەر لەئێستادا ئەم کتێبە سود بەخش نەبێت ئەوا بەهیوام لەداهاتودا مێژووی پێنجوێنمان وەک وخۆی نوسیبێتەوە لەو رووانەی باس کراوە، ببێتە هۆی سەرچاوەی زانیاری بۆنەوەکانی داهاتوو بۆبەئەگەر زۆرێک لەزانیارییەکان بەهێزنەبن هۆکارەکەی نەبوونی سەرچاوەی زانیاری گرنگ بووەو ئێمە هەولی جدیمان داوە بۆئەوەی تەواوی زانیاریەکان وەکو خۆی بگەیەنین

ئەی وەتەن بەرلین بەنۆکەر

سـۆسەن ونەسرینی تۆ

لەندەن وپاریس فیدات بن

بۆهـەوای شرینی تـۆ

کەقەلـەم تحریر ئـەکـا

شەرحی گولی ڕەنگینی تۆ

بۆنی عەتـری خستەدنیا

نـیرگزی نـورینی تـۆ

قانع

## (پێرست)

پیشەکی..... (٥)

هۆنراوە..... (٧)

وەسفێک بۆ پێنجوێن (٨)

ووتەیەکی گرنگ (١١)

پێنجوێن لەڕابردوودا (١٤)

کورتەیەک لەسەرپێنجوێن (١٧)

پێنجوێن لەڕووی بازرگانییەوە... (٣٣)

پێنجوێن لەڕووی کشتوکاڵییەوە...(٦٠)

پێنجوێن لەڕووی گەشتیارییەوە ...(٨٢)

پێنجوێن لەڕووی سامانی سرووشتییەوە....(١٠٨)

گوزەرێک بەپێنجوێنی ئێستادا....(١٢١)

دوا ووتە.....(١٢٣ )

هۆنراوەی قانع(١٢٤)

(هیوادارم ڕۆژێک بێت کە شارەکەمان لەڕیزی بەناوبانگترین شارەکانی جیهاندا بێت )

بۆ زۆرێک لەزانیاریەکانی ناو ئەم بەرهەمە سوود لەسەرچاوەی فەرمی وەرگیراوە

وەناوی سەرجەم فەرمانگە پەیوەندی دارەکان خراوەتە ڕوو کە زانیاریەکانیان لێ وەرگیراوە وە سود لە ئەزموونی کەسانی شارەزا وەرگیراوە

سود وەرگیراوە لە کتێبەکانی (پێنجوێن لە ئاوێنەی ڕۆژگاردا) لەنوسینی (مەلا احمدی کادریان) کتێبی (مێژووی پێنجوێن وناوچەکەی )لە نوسینی(عبدالرحمان لالۆ)

تێبینی/

لەم کتێبەدا زیاتر تیشک خراوەتە سەر ئێستای پێنجوێن

## سۆپاس وپێزانین

سوپاسی سەرجەم ئەوکەس ولایەنانە دەکەم کە هاوکاریان کردم بۆ نوسینی ئەم بەرهەمە

بەڕێز (م. عزیز بلکیانی ) کە ئەرکی نوسینی پێشەکی وپێداچونەوەی کتێبەکەی گرتە ئەستۆوبەزانیارییەکانی بەرهەمەکەی دەوڵەمەندتر کرد هیوادارم نمونەیان زۆر بێت

قائیمقامی قەزای پێنجوێن بەڕێز (زانا رحمان رحیم)

بەڕێوەبەری گومرکی باشماخ بەڕێز (شاخەوان بکرمحمد)

بەڕێز (توانا عبداللّٰە محمد) کە لەکاتی لەچاپدانی کتێبەکەدا زۆر هاوکاری کردین

سوپاسی سەرجەم ئەو فەرمانگانە دەکەم کە بەزانیارییەکانیان هاوکارم بوون

فەرمانگەی ئاماری پێنجوێن

کتێبخانەی گشتی پێنجوێن

بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی پێنجوێن


بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی باشماخ

فەرمانگەی گواستنەوەو گەیاندنی پێنجوێن


سەرۆکایەتی شارەوانی پێنجوێن

وە سوپاسی سەرجەم ئەوکەسانە دەکەم کە هاوکاریان کردووم ونەمتوانیوە لێرەدا ناویان بنوسم

بەهیوای بەختەوری و ئاسودەی بۆ هەموولایەک ......



پێنجوێن



نەخشەی کارسترۆی پێنجوێن

*************************************

سوپاس بۆ بەڕێز (نەوشیروان رحمان عبداللّٰه)


خاوەنی بەنزینخانەی (ئاسیا) لەپێنجوێن کە

ئەرکی لەچاپدانی ئەم بەرهەمەی گرتە ئەستۆ

هیوادارم نمونەیان زۆر بێت

**********************************************************





پێنجوین

شاخەکانت پڕ لە کانزاو پڕ گەوهەرن
دەشتەکانت هەوێنی هەزاران درەختی پڕ بەرن
کانیەکانت بە وێنەی ئاوی
شیرینی بەهەشتن وەك کەوسەرن